# گۆڕانكارییە ئاسایشییەكانی عێراق و كاریگەرییان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دوای ساڵی ٢٠١٤: شیكردنەوەیەك لە ڕوانگەی تیۆری كۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی

https://doi.org/10.17656/jlps.10338

**د. محمد احمد مجيد**

**بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، كۆلێژی زانستە سیاسییەكان \ زانكۆی صلاح‌الدين – هەولێر\ هەرێمی كوردستان – عێراق**

**Mohammed.majeed1@su.edu.krd**

**د. ئارام احمد وسو**

**بەشی یاسا، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان \ زانكۆی ڕاپەڕین – ڕانیە\ هەرێمی كوردستان – عێراق**

**aram.ahmad@uor.edu.krd**

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی شیكاری–وەسفی، تیۆری كۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی وەک چوارچێوەیەكی كارا بۆ تێگەیشتن لە بگۆڕكاری ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەكۆڵێتەوە و كاریگەرییەكانی دەركەوتنی داعش وەک هەڕەشەیەكی سنوور–تێپەڕ لەسەر بنیاتی كۆمەڵەی ئاسایشی ناوچەیی شیدەكاتەوە. بەپێی توێژینەوەكە، عێراق لە ڕووی جیۆپۆلەتیكییەوە پێگەیەكی ستراتیژی لە كۆمەڵەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە و دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام، بووەتە مەیدانی بەریەككەوتنی بەرژەوەندییەكانی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەكان. توێژینەوەكە دەریدەخات كە ستراتیژی سەركەوتووی عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی داعش (٢٠١٤–٢٠٢٤)، تێكەڵەیەكی هاوسەنگی ڕێكارە سەربازییەكان، ستراتیژییە ناسەربازییەكان، هاوپەیمانێتییە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەكان بووە. سەرەنجام، دەرەنجامەكانی توێژینەوەكە گرنگی تێگەیشتنی هەمەلایەنە لە بگۆڕكاری ئاسایشی هەرێمی دەخاتەڕوو و پێویستی بەكارهێنانی میكانیزمی ئاسایشی فرەڕەهەند لە بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە سنوور–تێپەڕەكان دەسەلمێنێت، بەجۆرێک كە داعش گۆڕانكارییەكی بنەڕەتی لە پەیوەندییەكانی دۆستایەتی و دوژمنایەتی نێوان دەوڵەتەكانی ناوچەكەدا دروستكردووە و هاوپەیمانێتییە نوێیەكانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی بەرهەمهێناوە.

**كلیلە وشە: عێراق، تیرۆر، ئاسایشی هەرێمی، داعش، تیۆری كۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی.**

التغيرات الأمنية في العراق وأثرها على مكافحة الإرهاب بعد عام ٢٠١٤: تحليل من منظور نظرية ارتباط الأمن الإقليمي

د. محمد أحمد مجيد

قسم العلاقات الدولية، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان، العراق

د. آرام أحمد وسو

قسم الحقوق، كلية العلوم الإنسانية / جامعة رابرين – رانية / إقليم كردستان – العراق

**الخلاصة**

تبحث هذه الدراسة باستخدام المنهج التحليلي–الوصفي في نظرية المجمع الأمني الإقليمي كإطار فعال لفهم ديناميكيات الأمن

في الشرق الأوسط، وتحلل تداعيات ظهور داعش كتهديد عابر للحدود على أسس البنية الأمنية الإقليمية، وفقاً للدراسة يحتل العراق موقعاً استراتيجياً من الناحية الجيوسياسية في المجمع الأمني للشرق الأوسط، وبعد انهيار نظام صدام أصبح ساحة لتضارب مصالح القوى الإقليمية والدولية. تُظهر البحث أنَّ استراتيجية العراق الناجحة في مواجهة داعش (٢٠١٤–٢٠٢٤) كانت مزيجاً متوازناً من المناهج العسكرية، والاستراتيجيات غير العسكرية والتحالفات المحلية والإقليمية والدولية. وفي الختام تسلط نتائج البحث الضوء على أهمية الفهم الشامل لديناميكيات الأمن الإقليمي وتؤكد ضرورة استخدام آليات أمنية متعددة الأبعاد في مواجهة التهديدات العابرة للحدود، حيث أنَّ داعش أحدث تغييراً جذرياً في أنماط الصداقة والعداء بين دول المنطقة وولد تحالفات جديدة على المستويات المحلية والإقليمية والدولية.

**الكلمات المفتاحية: العراق، الإرهاب، الأمن الإقليمي، داعش، نظرية المجمع الأمني الإقليمي.**

## Security Changes in Iraq and Their Impact on Counter-Terrorism after 2014: An Analysis from the Perspective of Regional Security Association Theory

**Dr. Mohammed Ahmed Majid**
**Department of International Relations, College of Political Sciences, Salahuddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq**
**Dr. Aram Ahmed Wasu**
**Department of Law, College of Humanities \ Raperin University - Ranya \ Kurdistan Region - Iraq**

**Abstract**

This research adopts an analytical-descriptive methodology to explore Regional Security Complex Theory as an effective framework for understanding the security dynamics of the Middle East. It specifically analyzes the implications of ISIS's emergence as a transnational threat on the foundations of the region's security architecture. The study argues that Iraq occupies a strategically significant geopolitical position within the Middle Eastern security complex and, following the collapse of Saddam Hussein's regime, has become a critical arena for the intersection of regional and international interests. The findings reveal that Iraq's successful strategy against ISIS (2014–2024) was the result of a balanced integration of military operations, non-military approaches, and coordinated efforts across domestic, regional, and international alliances. Accordingly, the study underscores the importance of a comprehensive understanding of regional security dynamics and highlights the necessity of employing multidimensional security mechanisms to address transnational threats. ISIS has fundamentally altered patterns of alliance and rivalry among regional states, giving rise to new configurations of cooperation at the local, regional, and global levels.

**Keywords: Iraq, terrorism, regional security, ISIS, Regional Security Complex Theory.**

## پێشەکی

جیهانی پاش جەنگی سارد گەواهی گۆڕانکاری بنەڕەتی بووە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیستەمی ئاسایشی جیهانیدا. کۆتایی هاتنی سیستەمی دوو جەمسەری بووە هۆی بەهێزبوونی پێگەی بگۆڕکاری ئاسایشی هەرێمی و دەرکەوتنی دینامیکیەتی

نوێ لە پەیوەندییە ئاسایشییەکانی نێوان دەوڵەتان. لەم چوارچێوەیەدا، تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی (RSC) بە دیدگایەکی گرنگ دادەنرێت بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی شکڵگرتنی هاوکێشەی ئاسایشی لە هەرێمە جیاوازەکاندا.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لەو هەرێمانەی کە لەژێر کاریگەری بەردەوامی ناکۆکی و ناسەقامگیری بووە. سەرهەڵدانی داعش لەساڵی ٢٠١٤ وەک هەڕەشەیەکی سنوور–تێپەڕ، گۆڕانکاری بنەڕەتی لە هاوکێشەی هێز و پەیوەندییە ئاسایشییەکانی ناوچەکەدا دروستکرد. بەتایبەت، داعش کاریگەری قووڵی لەسەر پێکهاتەی ئاسایشی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێی هەبوو، بەجۆرێک کە بووە هۆی دارشتنەوەی هاوپەیمانێتییە ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی و چۆنیەتی کاریگەری داعش لەسەر کۆمەڵەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت لە ڕوانگەی عێراقەوە. هەروەها، توێژینەوەکە هەڵسەنگاندن بۆ ستراتیژییەکانی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش دەکات، وەک نموونەیەک بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە سنوور–تێپەڕەکان لە کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیدا.

گرنگی توێژینەوەکە لە چوارچێوەیەکی تیۆریدایە بۆ تێگەیشتن لە هاوکێشەی ئاسایشی ناوچەکە و کاریگەری هەڕەشە سنوور–تێپەڕەکان لەسەر پێکهاتەی ئاسایشی. هەروەها هەڵسەنگاندنی ستراتیژیەکانی عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی داعش دەتوانێت وەک مۆدێلێک بۆ وڵاتانی دیکە بەسوود بێت. لەلایەکی ترەوە، توێژینەوەکە ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان کاریگەری لەسەر بگۆڕکاری ئاسایشی ناوچەیی هەیە.

ئامانجی توێژینەوەکە شیکردنەوەی چوارچێوەی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی، ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرجەستەکردنی ڕۆڵی جیۆپۆلەتیکی عێراق، هەڵسەنگاندنی ستراتیژیەکانی بەرەنگاربوونەوەی داعش، و شیکردنەوەی ڕۆڵی هاوپەیمانێتییە ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانە.

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە تێگەیشتنە لە چۆنیەتی کاریگەری داعش لەسەر بگۆڕکاری ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڵسەنگاندنی ستراتیژیەکانی عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەڕەشەیە. هەروەها توێژینەوەکە هەوڵدەدات لە ڕێگەی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی، چوارچێوەیەکی تیۆری باشتر بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییەکانی ئاسایشی ناوچەکە پێشکەش بکات. پرسیارەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: چ گۆڕانکارییەک لە پێکهاتەی کۆمەڵەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای سەرهەڵدانی داعش ڕوویداوە؟ عێراق چی ستراتیژییەکی گرتووەتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش؟ چۆن هاوپەیمانێتییە ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان کاریگەرییان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی داعش هەبووە؟

گریمانەی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە داعش وەک هەڕەشەیەکی سنوور–تێپەڕ، گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پەیوەندی دۆستایەتی و دوژمنایەتی نێوان دەوڵەتەکانی کۆمەڵەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستکردووە، هەروەها سەرهەڵدانی داعش بووەتە هۆی دروستبوونی هاوپەیمانێتی نوێ لەسەر ئاستی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی، بەوەش کۆمەڵەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی گۆڕانکاری بەرچاو بووەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی شیکاری–وەسفی بەکاردەهێنێت. لە بەشی یەکەمدا، میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە بۆ ناساندنی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی. لە بەشی دووەم و سێیەمدا میتۆدی شیکاری بەکارهاتووە بۆ ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەری داعش و شیکردنەوەی ستراتیژیەکانی عێراق. توێژینەوەکە پشتی بە سەرچاوەی دووەم بەستووە لە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی و ئینگلیزی.

**١. تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی: ناساندن، سەرهەڵدان، بنەما سەرەکییەکان و جۆرەکانی**

تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی یەکێکە لە گرنگترین تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە چۆنیەتی دروستبوونی هاوپەیمانێتییە هەرێمییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە هاوبەشەکان و دابینکردنی ئاسایش لێکدەداتەوە، لە خوارەوە گرنگترین ڕەگەزەکانی دەخەینەڕوو.

**١. ناساندنی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی(Regional Security Complex)**

تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی "RSC" جەخت لەسەر کارلێکی ئاسایشی دەکات کە پێکهاتە و کارلێکی نێوان دەوڵەتەکان دەستنیشان دەکات. ئەم تیۆرە چوارچێوەیەکی شیکارییە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو فاکتەرانەی کە سەقامگیری، گرژی و پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان یەکە سیاسییەکان دێننە ئاراوە. وەک هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی پێکهاتن و گۆڕانی ژینگەی ئاسایشی هەر هەرێمێک، لە ناساندنی تیۆرییەکە و ڕەگەزەکانی دەستپێدەکەین.

کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی چەمکێکە کە باری بوزان تیۆریزەی کردوو و لە چوارچێوەی قوتابخانەی کۆپنهاگن پەرەی پێدراوە، وەك ئاماژەی پێدەکات بریتییە لە "کۆمەڵێک دەوڵەت کە نیگەرانییە ئاسایشییە سەرەکییەکانیان بە ئەندازەیەک بە توندی پێکەوە بەستراونەتەوە کە ئاسایشی نەتەوەییان بەشێوەیەکی واقیعی ناتوانرێت جیا لە یەکتر لەبەرچاو بگیرێت " (Buzan, 1991: 106).

گرنگیی ئەم چەمکە لەوەدایە کە ئامرازێکی شیکاری پێشکەش دەکات بۆ تێگەیشتن لە دینامیکییەتی ئاسایش لە ئاستی ناوەندی نێوان دەوڵەتان و سیستەمی نێودەوڵەتی، ئاستێک کە پێشتر بە شێوەیەکی جددی پشتگوێخراوە لە شیکاری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.(Buzan, 1991: 105)

لە دواتردا، لە ساڵی ١٩٩٨دا، پێناسەکە بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەرە ناحکومییەکان و چەندین کەرتی ئاسایشی لەخۆ بگرێت، بەم شێوەیە داڕێژرایەوە: "کۆمەڵێک یەکەن کە پرۆسەی سەرەکی ئاسایشی–کردن، ئاسایشی–نەکردن، یان هەردووکیان ئەوەندە تێکئاڵاون کە کێشە ئاسایشییەکانیان ناتوانرێت بە شێوەیەکی ژیرانە لە یەکتر جیا بکرێنەوە یان چارەسەر بکرێن " (Buzan & Wæver, 2003: 44).

کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی لەسەر بنەمای زنجیرەیەک لە نیگەرانییە ئاسایشییەکان پێناسە دەکرێت کە ڕیشەکانی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی ناوخۆیی هەرێمەکە نەوەك هۆکارە دەرەکییەکان، واتە چڕی دۆستایەتی و دوژمنایەتی لە ناوخۆیدا زیاترە. لەم ڕوانگەیەوە، تەواوی ستراتیژییەتی ئاسایشی هیچ دەوڵەتێك ناتوانێت لە چوارچێوەیەکی تاکڕەهەندی و تاکلایەنەدا بخرێتە ڕوو یان کاری لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی بنەڕەتی، دیاردەی ئاسایش لەسەر بنەمای پێوەندیکاری و کارلێك دامەزراوە.

ئەمە ئەو هۆكارەیە كە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی كە ئەم سیستەمە، هەڵگری دینامیكێكی پەیوەستە كە تەواوی هەلومەرجی ئاسایشی لە گشت ناوچەیەكی جوگرافی دیاریكراودا بەیەكەوە دەبەستێتەوە.(Buzan & Wæver, 2003: 43)

لە تێگەیشتنی بوزان دا، یەكەكانی كۆمەڵە ئاسایشییەكان بە گشتی تایبەتمەندی بەردەوامییان تێدایە، بەڵام ناساندنیان وەك بونیادێكی ڕەق و نەگۆڕیش دوورە لە ڕاستییەوە. تیۆرەكە ئاماژە بەوە دەكات، سیستەمی جیهانی چەندین كۆمەڵەی ئاسایشیی لەخۆدەگرێت كە پەیوەندی نێوانیان شێوەی جۆراوجۆر هەیە؛ هەندێكیان لە سنووری یەكتری تێدەپەڕن، هەندێكیان هاوتەریبن، و هەندێكیشیان لە چوارچێوەی پێكهاتەیەكی هەرەمیدا لەناو یەكتردا جێگیر دەبن(Buzan, 1991: 106) ، ئەو بەستەرانەی كە وەك فاكتەری یەكخستنی كۆمەڵە ئاسایشییەكان كاردەكەن، چەندین فۆرمی جیاواز لەخۆدەگرن لەوانە: ڕەهەندی جوگرافی، پەیوەندی سیاسی، ئاراستەی ستراتیژی، میراتی مێژوویی، پەیوەستبوونی ئابووری، یان ئاڵوگۆڕی كولتووری (Buzan, 1991: 106).

لە ڕوانگەی بوزان، ئاسایش وەك دیاردەیەكی پەیوەندیدارە (Relational phenomenon) ، بەو واتایەی كە هەڵسەنگاندنی دۆخی ئاسایشی هەر دەوڵەتێك بەتەنیا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو تۆڕە ئاڵۆزەی پەیوەندییە ئاسایشییەكانی كە وەك سیستەمێكی یەكگرتوو كاردەكات، ناتەواو و سنووردارە. لەم چوارچێوەیەدا، بوزان جەخت لەسەر گرنگی تێگەیشتن لە پێوەندی هاوبەندیی ستراتیژی دەكاتەوە كە لە نێوان ئاسایشی دەوڵەتان و سیستەمی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا هەیە (ساڵح، ٢٠٢١: ٧٣)، بۆ نموونە، باشووری ئاسیا شێوەیەكی دیاری كۆمەڵەیەكی ئاسایشییە كە گرفتی ئەم كۆمەڵەیە ملمڵانێی نێوان هیندستان و پاكستانە، دوو دەوڵەتی كاریگەر كە نیگەرانییە ئاسایشییەكانیان بەتوندی تێكەڵاون، بە شێوەیەك كە ئاسایشی نەتەوەییان، بەتایبەت لە بوارەكانی سیاسی و سەربازیدا، ناتوانرێت بە جیا لە یەكتر شرۆڤە بكرێن.(Buzan, 1991: 106-107)

تیۆری "RSC"، بە پێناسەكردنی ئاسایش وەك دیاردەیەكی پەیوەندیدار و تێكئاڵاو لە نێوان دەوڵەتانی هاوناوچەدا، چوارچێوەیەكی شیكاری نوێی لە بواری توێژینەوەكانی ئاسایش خستوتە ڕوو. ئەم تیۆرە گرنگی گۆڕاوكاری هەرێمی لە شكڵگرتنی پەیوەندییە ئاسایشییەكاندا لە ڕێگەی چەندین فاكتەرەوە دەخاتەڕوو. كۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی ئاستێكی ناوەندی گرنگ پێكدەهێنێت لە نێوان ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی جیهانیدا، كە پێش هاتنی ئەم تیۆرە زۆر كەم گرنگی پێدەدرا.

**٢,١. سەرهەڵدانی تیۆری كۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی دوای جەنگی سارد**

كۆتایی جەنگی سارد و هەڵوەشانەوەی ئەو سیستەمە دووجەمسەرییەی كە سیاسەتی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای دژایەتی نێوان بلۆكی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێناسە دەكرد، زەمینەی بۆ گەشەكردنی چوارچێوە تیۆرییە نوێیەكان ڕەخساند. لەم هەلومەرجەدا، باری بوزان هەوڵیدا تیۆری كۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی بەرفراوانتر بكات و بەرەو فۆرمێكی تەواوكراوتر پەرەی پێبدات، بەتایبەت لە كتێبی "خەڵك، دەوڵەتان و ترس" كە چاپی دووەمی لە ساڵی ١٩٩١ بڵاوكرایەوە.

تیۆری (RSC) بۆ یەكەمجار لە ساڵی ١٩٨٣ داڕێژرا، ئەگەرچی پێگەیشتووترین فۆرمی ئەم تیۆرە لە چاپی ١٩٩١دا دەبینرێت .(Buzan, 1991: 186-229)لە سەردەمی جەنگی سارددا، گۆڕاوكاری ئاسایشی لە ئاستی هەرێمیدا لە ژێر كاریگەری كێبڕكێی ستراتیژی نێوان زلهێزەكاندا بوو، بەڵام دوای كۆتایی هاتنی جەنگی سارد، گۆڕاوكاری ئاسایشی هەرێمی پێگەیەكی بەهێزتر و بەرچاوتری لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا پەیدا كرد.(Buzan & Wæver, 2003: 41-42)

بەرجەستەترین خاڵی تیۆرییەکە ئەوەیە کە "کاریگەرییە ئاسایشییەکانی پێکهاتەی ئەنارکی سیستەمی نێودەڵەتی به شێوەیەکی یەکسان لە سەرتاسەری سیستەمەکەدا بڵاو نابنەوە"، بەڵکو "شێوازە ئاڵۆزەکانی دۆستایەتی و دوژمنکاری لە پاشخانی پەیوەندییە مێژووییەکانەوە سەرچاوەدەگرن لە هەرشێوازێکی سیستەمی ئەنارکیدا (Buzan, 1991: 105-106).

بوزان سەرەتا چەمکی کۆمەڵەی ئاسایشی کلاسیکی لە کتێبی "خەڵك، دەوڵەتان و ترس" لە ساڵی ١٩٨٣ خستەڕوو. پاشان لە چاپی دووەمی هەمان کتێب لە ساڵی ١٩٩١دا، بوزان لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکانی پاش جەنگی سارد، تیۆرەکەی بەرەوپێش برد و چەمکی "کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی" داهێنا. گەشەسەندنێکی گرنگی دیکە لە ساڵی ١٩٩٨دا ڕوویدا کاتێك بوزان، ویڤەر و وایلد لە کتێبی "ئاسایش: چوارچێوەیەکی نوێ بۆ شیکردنەوە" تیۆرەکەیان بەرفراوانتر کرد و پێنج ڕەهەندی نوێیان (سەربازی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی) بۆ شیکردنەوەی ئاسایش زیاد کرد (دادندیش و کوزەگر کالجی، ١٣٨٩: ٧٦-٧٧).

ڕوانگەی بیرمەندانی قوتابخانەی کۆپنهاگن ئەوەیە کە لە سیستەمی نێودەوڵەتی دوای جەنگی سارددا، چوارچێوەی هەرێمی ئاسایش پێگەیەکی تایبەت و کاریگەری پەیدا کردووە و جیهان چیتر بە پێی لۆژیکی دوو جەمسەری دابەش ناکرێت. لەم هەلومەرجە نوێیەدا، ئەو پرسە ئاسایشیانەی کە سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا دەوروژێنرێن، پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نامێنێت، چونکە ئەو پەیوەندییە ئایدیۆلۆژییەی کە پێشتر لە ڕێگەی کێبڕکێی کۆمۆنیزم و کاپیتالیزمەوە هەیانبوو، ئێستا کاریگەری نەماوە (ساڵح، ٢٠٢١: ٧٤). بە دەربڕینێکی دیکە، لە سەردەمی پاش جەنگی سارددا، چوارچێوەکانی ئاسایش، ستراتیژی و دینامیکیەتی هێز ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە هەرێمییەکانن. هاوکات، ئەو بوارانەی کە تێیاندا کێبڕکێ، ناکۆکی و هاوکاری دەردەکەون، زیاتر بۆتە دیاردەیەکی ناوچەیی و ئەم دیاردانە ناتوانن لە پانتایی جیهانیدا وەک یەک بن (ساڵح، ٢٠٢١: ٧٤).

**٣,١. بنەما سەرەکییەکانی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی**

تیۆری "RSC" پشت بە چەند بنەمایەکی سەرەکی دەبەستێت ئەوانیش بەیەکەوەبەستراوی ئاسایشی، نزیکی جوگرافی، شێوازەکانی دۆستایەتی و دوژمنایەتی، کارلێکی نێوان ئاستەکانی شیکاری، میکانیزمی کاریگەری (چوونەناو)، و پێکهاتەی بنەڕەتی کە هەموویان بە یەکەوە پێکهاتەی تێگەیشتن لە دینامیکیەتی ئاسایش لە هەرێمەکاندا دروست دەکەن و لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکرێت.

**١. بەیەکەوەبەستراوی ئاسایشی(Security Interdependence)**

پێوەندی ئاسایشی بەیەکەوەیی بەو واتایەیە کە هەر گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی ئاسایشی یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵەکەدا ڕوو بدات، کاریگەری لەسەر ئاسایشی ئەندامەکانی دیکەش دروست دەکات. ئەم جۆرە پێوەندییە دەکرێت شێوەی ئەرێنی (پۆزەتیڤ) یان نەرێنی (نێگەتیڤ) وەربگرێت. بۆ نموونە، کاتێک ناسەقامگیری لە کۆمەڵگایەکدا دەردەکەوێت، دەکرێت کۆمەڵگاکانی دەوروبەری تووشی ناسەقامگیری بکات (نەرێنی)، یاخود لە بارودۆخێکی جیاوازدا، بەهێزبوونی یەکێک لە ئەندامان دەتوانێت کاریگەری باشی لەسەر ئاسایشی ئەندامێکی دیکە هەبێت (ئەرێنی) (سازمند و جوکار، ١٣٩٥: ١٥٦-١٥٧).

**٢. نزیکی جوگرافی**

لە ناساندنی چەمکی "هەرێم" لە"RSC" دا، دەکرێت ئاماژە بکرێت کە هەرێم نیمچە-سیستەمێکی دیاریکراو و خاوەن تایبەتمەندی تایبەتە کە پێوەندییە ئاسایشییەکان لە نێوان کۆمەڵێک دەوڵەتی لە ڕووی جوگرافییەوە نزیک لە یەکتری دەگرێتەوە. ئەم پێناسەیە

جەخت لەسەر ئەو بنەمایە دەکاتەوە کە هەڕەشەکان، بەتایبەت ئەوانەی سروشتی سیاسی و سەربازییان هەیە، کاتێک لە ناوچەیەکی جوگرافی نزیکدا دێنە ئاراوە، کاریگەرییەکی بەهێزتر و توندتریان دەبێت (طاهری و سیفی، ١٣٩٣: ١٣٤).

کۆڵەکەی بنەڕەتی و سەرەکی "RSC" پشت بە کاریگەریی نزیکی جوگرافی دەبەستێت لە بەرهەمهێنانی دۆخی ئاسایشی یان نائاسایشی. بوزان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، نائاسایشی لەگەڵ نزیکی جوگرافیدا پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە، واتە زۆر جار ئەو وڵاتانەی کە نزیکی یەکترین، زیاتر مەترسی و هەڕەشەیان لەسەرە (سالّح، ٢٠٢١: ٧٧-٧٨).

**٣. شێوازەکانی دۆستایەتی و دوژمنایەتی**

ئەم مۆدێلانە ڕوونی دەکەنەوە کە چۆن ئەندامانی سیستەمەکە یەکتری وەک دوژمن، ڕکابەر یان هاوپەیمان دەبینن. هەروەها ئاماژە بە گرنگی ئاستی کۆمەڵایەتیبوونی کولتووری ناوچەیی دەدرێت، کە دەکرێت بەرەو ناکۆکی یان هاوکاری زیاتر پەرە بسەنێت.(Frazier & Stewart-Ingersoll, 2010: 734)

**٤. کارلێکی نێوان ئاستەکانی شیکاری**

تیۆری RSC گرنگییەکی تایبەت دەدات بە پەیوەندی نێوان ئاستی ناوخۆیی (کارلێکی نێوان دەوڵەتەکانی ناو کۆمەڵەکە) و ئاستی دەرەکی (کاریگەری هێزە جیهانییەکان). بوزان ئاماژە بەوە دەکات ئەم دوو ئاستە یەکتر بەهێز دەکەن، بەڵام کاریگەری هێزە دەرەکییەکان لەسەر جوڵەی ناوخۆیی زیاترە بەهۆی نایەکسانی لە هێز و سەرچاوەکاندا (Buzan, 1991: 111). تیۆرییەکە چوارچێوەیەکی شیکاری پێشکەش دەکات کە چوار ئاستی جیاواز دەگرێتەوە: ئاستی ناوخۆیی کە تێیدا لاوازییە ناوخۆییەکان دەبنە سەرچاوەی هەست بە هەڕەشەکردن؛ ئاستی نێوان-دەوڵەتی کە تێیدا کارلێکی نێوان دەوڵەتان کارکردی ناوچەکە دیاری دەکات؛ ئاستی نێوان-هەرێمی کە سنووردارە بەڵام گرنگە؛ و ئاستی جیهانی کە کارلێکی نێوان پێکهاتە هەرێمی و جیهانییەکان دەگرێتەوە. ئەم چوار ئاستە پێکەوە "بورجی ئاسایش" پێکدەهێنن کە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاسایشی هەرێمی لەخۆدەگرێت (Fahlander, 2011: 8).

**٥. میکانیزمی کاریگەری یان خۆخزاندن(penetration)**

ئەوەی پەیوەندی نێوان نەخشەی سەرتاسەری دابەشکردنی هێز لە نێوان هێزە جیهانییەکان و کارلێکە هەرێمییەکانی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی دەبەستێتەوە، میکانیزمی خۆخزاندنە. خۆخزاندن کاتێک ڕوودەدات کە هێزەکانی دەرەوە ڕیزبەندی ئاسایشی لەگەڵ دەوڵەتان لە ناو کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی دروست دەکەن. کێبڕکێی هەرێمی ناوخۆیی، وەک نێوان هیندستان و پاکستان، هەلومەرج یان داواکاری بۆ زلهێزەکان دەڕەخسێنێت تا ناوچەکە چڕ بکەنەوە(Buzan & Wæver, 2003: 46).

**٦. بنیاتی بنەڕەتی**

"RSC"لە بنیاتێکی بنەڕەتیدا چوار گۆڕاوی کاریگەر لەخۆدەگرێت کە بۆ دیاریکردن و شرۆڤەکردنی گۆڕانکارییەکان لە ئاستی ناوچەییدا بەکاردەهێنرێن. یەکەمیان سنوورە جوگرافییەکانی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمییە کە چوارچێوەی کارکردنی کۆمەڵەکە دیاری دەکات. دووەمیان پێکهاتەی ئانارشیکە کە ئاماژە بەوە دەکات کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی لە دوو یان زیاتر یەکەی خاوەن سەروەری و خۆبەڕێوەبەر پێکهاتووە. سێیەمیان جەمسەرییەتە، کە چۆنیەتی دابەشبوونی هێز لە نێوان یەکەکانی ناو کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیدا دەگرێتەوە. چوارەمیان بنیاتنانی کۆمەڵایەتییە کە ئاماژەیە بۆ شێوازە پایەدارەکانی دۆستایەتی و دوژمنایەتی لە نێوان یەکەکاندا کە ئەویش کاریگەری لەسەر بگۆڕکاری ئاسایش لە ناوچەکەدا هەیە.(Fahlander, 2011: 8)

**٤,١. پێکهاته و جۆرەکانی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی**

پرۆسەی دروستبوونی شێوازەکانی ئاسایشی لە کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێك فاکتەری بنەڕەتی کە هەندێکیان سروشتێکی ناوچەیی هەیە و هەندێکی دیکەیان گۆڕاوی دەرەکین. لەم ڕوانگەیەوە، جەمسەربەندی ناوچەیی یەکەمین فاکتەری کاریگەرە کە بەپێی ناسینی ناوەندەکانی هێز لە ڕووی توانای سەربازی و ئابووری پێناسە دەکرێت و لەسەر بگۆڕکاری ناوچەیی کاریگەری بەرچاوی هەیە. هاوکات، هەژموون و جەمسەربەندی سیستەمی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە پێکهێنانی نەزمی هەرێمایەتی و دیزاینکردنی مۆدێلی ئاسایشی. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، وەکو باری بوزان ئاماژەی پێدەکات، ڕەنگدانەوەی مۆدێلەکانی دۆستایەتی و دوژمنایەتییە کە بە میکانیزمی ناوخۆیی پەیوەست بە مێژوو، ئایین، جوگرافیا و فاکتەرە ئێتنیکییەکان دروست دەبێت (طاهری و صادقی، ١٣٩٥: ١٢-١٣). لێرەدا، لە چوارچێوەی شیکردنەوەکانی بۆزان و هاوکارەکانی، جۆرەکانی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی دەخەینەڕوو:

**١. کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی ستاندارد(Standard RSC)**

کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی ستاندارد بەرجەستەکەری سیستەمێکی ئاسایشییە کە دەرهاویشتەیەکی پەیماننامەی ویستفالیایە، بە پێکهاتەیەک کە لە دوو یاخود زیاتر دەوڵەتی خاوەن سەروەری پێکهاتووە و تێیدا بگۆڕکاری سەربازی-سیاسی بنەمای سەرەکی کارلێکەکانە. بەپێی تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکان، هەموو کۆمەڵە ستانداردەکان بەشێکن لە سیستەمێکی ئانارشیک کە جەمسەردارێتی تێیدا بە تەواوەتی بە پێی دابەشبوونی هێز لە نێوان یەکە هەرێمییەکاندا دەناسرێت (Buzan & Wæver, 2003: 55). ئەم جەمسەردارێتییە دەتوانێت لە سیستەمێکی تاک-جەمسەرییەوە بۆ دوو-جەمسەری یاخود فرە-جەمسەری بڕوات. نموونەی بەرچاوی سیستەمی تاک-جەمسەری هەرێمی باشووری ئەفریقایە، کە تێیدا کۆماری ئەفریقای باشوور بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەموو دەوڵەتانی دەوروبەری بەهێزترە(Buzan & Wæver, 2003: 55) ، لە کاتێکدا باشووری ئاسیا نموونەیەکی دیاری دوو-جەمسەرییە، لەوێدا هاوکێشەی هێز لە نێوان هیندستان و پاکستان، ناوەندی کۆمەڵەی ئاسایشییەکە پێکدەهێنێت، ئەو دوو دەوڵەتەی کە مەترسیە ئاسایشییەکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو تێکئاڵاون.(Buzan, 1991: 107)

**٢. کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی ناوەندگەرا(Centred RSC)**

کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی ناوەندگەرا بە سێ شێوازی سەرەکی بەرجەستە دەبێت، کە هەریەکەیان تایبەتمەندی جیاوازی هەیە: یەکەم، ئەو نموونەیەی کە تێیدا کۆمەڵەیەکی ئاسایشی هەرێمی بە تەواوەتی یەک-جەمسەری دەبێت، بەڵام ئەو هێزەی کە ناوەندی ناوەندگەرا پێکدێنێت یان هێزێکی مەزنە وەکو بارودۆخی ڕوسیا لە نێو کۆمۆنوێڵسی دەوڵەتانی سەربەخۆ(CIS) ، یاخود زلهێزێکە، وەکو دۆخی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پانتایی باکووری کیشوەری ئەمریکا (Buzan & Wæver, 2003: 55). دووەم، نموونەیەکی تەواو جیاوازە کە هەڵگری تایبەتمەندی ناوچەیەکە کە لەلایەن دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە یەکپارچەکراوە نەک لەلایەن هێزێکی تاکەوە. یەکێتی ئەوروپا بەرجەستەترین نموونەی ئەم جۆرەیە (Buzan & Wæver, 2003: 55-56).

**٤. کۆمەڵەی ئاسایشی هێزی گەورە(Great Power RSC)**

کۆمەڵەی ئاسایشی هێزی گەورە بەو دۆخە ئاسایشییە هەرێمییە دەوترێت کە جەمسەردارێتی ناوچەکەی لەلایەن زیاتر لە یەک هێزی ئاستی جیهانییەوە کۆنترۆڵکراوە. ئەم نموونەیە بەشێوەیەکی کلاسیکی لە ئەوروپای پێش جەنگی سارد بەدی دەکرا، بەڵام لە

سەردەمی هاوچەرخدا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەرجەستە دەبێت، کە لەوێدا چین و ژاپۆن پێکەوە ناوەندی کۆمەڵەیەکی ئاسایشی هەرێمی دوو-جەمسەری پێکدەهێنن. جێی ئاماژەیە کە ئەم جۆرە کۆمەڵەیە پێویستی بە چارەسەرکردنێکی شیکاری جیاواز هەیە لەچاو کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی ستاندارد، لەبەر ئاڵۆزی و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی(Buzan & Wæver, 2003: 59).

**5. سوپەر کۆمەڵەکان(Super complexes)**

سوپەر کۆمەڵەکان لە دەرەنجامی بەهێزبوونی کاریگەرییەکانی ئاستی نێوان-هەرێمی سەرهەڵدەدەن، کە بنچینەکەی لە درێژبوونەوەی کاریگەری هێزە گەورەکانەوە بۆ ناوچە دراوسێکان سەرچاوە دەگرێت. لە چوارچێوەی سوپەر کۆمەڵەکاندا، کارلێکی نێوان-هەرێمی بەهێز و بەردەوام دەمێنێتەوە، بۆ نموونە وەک ئەو پەیوەندییەی لە نێوان باکوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و باشووری ئاسیادا بەرچاو دەکەوێت(Buzan & Wæver, 2003: 60).

**6. ناوچەی ئاسایشی بێپێکهاتە(Unstructured)**

ناوچەی ئاسایشی پێکهاتە-نەبوو لەئەنجامی یەکێک یان دوو هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدەدات: هۆکاری یەکەم، کاتێک دەوڵەتە ناوخۆییەکانی ناوچەکە توانایەکی ئەوەندە سنووردار و کەمیان هەیە کە کاریگەرییان یان زۆر لاوازە یان بەتەواوی ناتوانن لە سنووری وڵاتەکانیان تێپەڕ بکەن؛ هۆکاری دووەم، کاتێک دابڕانی جوگرافی و سروشتی، کارلێکی نێوان یەکەکان بەشێوەیەکی بەرچاو سەخت و دژوار دەکات (وەک حاڵەتی دوورگەکانی لەیەکتر دابڕاو بە ڕووبەری فراوانی دەریا). هەریەک لەم بارودۆخانە دەتوانێت ببێتە هۆی نەبوونی ئەو ئاستە پێویستەی تێکئاڵانی پەیوەندییە ئاسایشییەکان کە بۆ سەرهەڵدانی پێکهاتەیەکی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی پێویستە(Buzan & Wæver, 2003: 61-62).

**7. داپۆشین(Overlay)**

داپۆشین ئاماژەیە بەو دۆخەی کە تێیدا بەرژەوەندییەکانی هێزە گەورەکان لە ئاستی هەژموونی ئاسایی تێدەپەڕێت و بەشێوەیەکی چڕوپڕ بەسەر ناوچەیەکدا زاڵ دەبن، بەجۆرێک کە گۆڕاوکاری ناوخۆیی پەیوەندییە ئاسایشییەکان بەکردەوە نامێنێت یان کۆتایی پێدێت. ئەم بارودۆخە بەشێوەیەکی نەریتی دەبێتە هۆی جێگیرکردنی درێژخایەنی هێزە سەربازییەکانی هێزە گەورەکان لە ناوچەکەدا، هەروەها دەوڵەتە ناوخۆییەکان بەپێی نەخشەی کێبڕکێ و هاوپەیمانێتییەکانی هێزە گەورەکان ڕیزبەندی دەکرێن. بەرچاوترین نموونەکانی داپۆشین بریتین لە کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی لە کیشوەرەکانی ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکاکان، هەروەها دۆخی ئەوروپا لە ماوەی جەنگی ساردا(Buzan & Wæver, 2003: 61).

سەرەنجام، تیۆری "RSC" کەرەستەیەکی شیکاری بنچینەیی و بەنرخە کە ڕێگەخۆشکەرە بۆ تێگەیشتنی بەرچاو لە کارلێکی ئاسایش لە ئاستی هەرێمیدا. ئەم چوارچێوە تیۆرییە بەتایبەتی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد گرنگییەکی بەرچاوی پەیدا کرد، سەردەمێک کە تێیدا پێویستی بە مۆدێلێکی تیۆری دەکرد بۆ شیکردنەوە و تاوتوێکردنی ڕەوتی گۆڕانکاری ئاسایشی هەرێمی لە چوارچێوەی سیستەمێکی نێودەوڵەتی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاڵۆزتر و فرەڕەهەندتر دەبوو.

## ٢. کۆمەڵەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرکەوتنی داعش وەک هەڕەشەیەکی سنوور-تێپەڕ

### ١.٢ پێکهاتەی کۆمەڵەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بوزان و ویڤەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان وەک یەکێک لە کۆمەڵە ئاسایشییە سەرەکییەکان دەستنیشان کردووە. لەم ڕوانگەیەوە، کێشە ئاسایشییەکان زۆربەی جار کاریگەری لەسەر ناوچەیەکی دیاریکراو دروست دەکەن و کەمتر دەگاتە شوێنە دوورەکان. وەک ئاماژەی پێدەکەن ئەنارکی بەهاوتەریب لەگەڵ دووری جوگرافی، مۆدێلێکی دروستکردووە کە تێیدا پەیوەندی ئاسایشی لە نێوان دەوڵەتانی ناوخۆی کۆمەڵەکەدا چڕترە وەک لە پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوەی کۆمەڵەکە (Jarząbek, 2016: 155-156).

ئەم کۆمەڵەیە لەو کاتەوە بەرەو دروستبوون چووە کە پرۆسەی دەوڵەت-نەتەوە بونیادنان دوای سەردەمی کۆلۆنیالیزم لە ناوچەکەدا دەستی پێکردووە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرەتای پێکهاتنیەوە لە سالەکانی ١٩٤٥-١٩٤٨ بەردەوام لەژێر کاریگەری ناکۆکی و پێکدادانی نەتەوەیی، مەزهەبی و ئایدیۆلۆژی بووە. ئەم بارودۆخە بووەتە هۆکاری سەرهەڵدانی پەیوەندییە ناکۆک و دوژمنکارییەکان لە ناوچەکەدا (معلومی و زرگر، ١٣٩٨: ٤٩-٥٠). لە ڕوانگەی پێکهاتەی ئاسایشییەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە "پێکهاتەیەکی بەردەوامی ناکۆکی" ناودەبرێت؛ بەو مانایەی کە پەیوەندیی نێوان یەکەکان ئاماژە بە هاوکاری ناکەن (نیاکۆیی و ستوودە، ١٣٩٤: ١٥٨). هاوکاری لەم ناوچەیەدا بەگشتی لاواز و کاتییە، دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکان ڕەنگدانەوەی هاوسەنگی هێزی ناوخۆیی و دەرەکییە و دامەزراوەسازی ناوچەیی گەشەیەکی بەرچاوی نەبووە، بەتایبەت بەراورد بە ناوچەکانی تری جیهان (Fawcett, 2013: 185).

کۆمەڵەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی تیۆری بوزان و ویڤەر وەک پێکهاتەیەکی ململانێی ئاسایی باس دەکرێت. سنوورەکانی ناوچەکە بە شێوازێکی نەریتی دیاریکراون و هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان لەگەڵ ئیسرائیل و ئێران لەخۆ دەگرێت. لەم کۆمەڵەیەدا، ئەفغانستان و تورکیا ڕۆڵی جیاکەرەوەی نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا و ئەوروپا دەبینن و سنووری کۆمەڵەکە دەستنیشان دەکەن (Jarząbek, 2016: 160).

بەپێی بوزان و ویڤەر (٢٠٠٣)، کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سێ ژێرکۆمەڵەی سەرەکی پێکهاتووە، کە هەریەکەیان تایبەتمەندی ئاسایشی جیاوازیان هەیە، ئەوانیش: لیڤانت، کەنداو و مەغریب. لیڤانت. یەکەم و گرنگترینیان ژێرکۆمەڵەی لیڤانتە کە چەقی سەرەکی ئەم ژێرکۆمەڵەیە لەسەر ناکۆکییەکانی نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتە عەرەبییەکانی دراوسێی دامەزراوە. ئەم ژێرکۆمەڵەیە ناکۆکییەکی ناوخۆیی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکاندا بەرهەمهێناوە، کە دوژمنایەتییەکی فراوانتری لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی دراوسێی ڕاستەوخۆی و جیهانی عەرەبی بەرفراوانتر دروستکردووە( Buzan and Wæver, 2003: 190-191).

ژێرکۆمەڵەی دووەم کە کەنداو پێکدەهێنێت، دوای کشانەوەی بەریتانیا لە ناوچەکە لە ساڵی ١٩٧١ سەری هەڵداوە. چەقی سەرەکی ئەم ژێرکۆمەڵەیە لەسەر سێگۆشەی ناکۆکی نێوان ئێران، عێراق و دەوڵەتە عەرەبییەکانی کەنداو بە ڕابەرایەتی سعودیە چڕبووەتەوە. دەوڵەتە عەرەبییەکانی کەنداو لە ساڵی ١٩٨١ لە چوارچێوەی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو (GCC) یەکیان گرتووە (Buzan and Wæver, 2003: 191-192).

سێیەم و لاوازترین ژێرکۆمەڵە، مەغریبە، کە بنەمای سەرەکی پەیوەندییە ناجێگیر و ناسەقامگیرەکانی نێوان لیبیا، تونس، جەزائیر و مەغریب (و سەحرای ڕۆژاوا)" پێکدەهێنێت. سنوورەکانی لەگەڵ ئەفریقا ڕوون نییە و کاریگەرییە ئاسایشییەکانی مەغریب بۆ چاد، سەحرای ڕۆژاوا و مۆریتانیا درێژبوونەتەوە (Buzan and Wæver, 2003: 193).

بوزان و ویڤەر ڕوونی دەکەنەوە کە دوای جەنگی کەنداوی دووەم (١٩٩٠–١٩٩١)، پەیوەندی نێوان ژێرکۆمەڵەکانی کەنداو و لیڤانت "بەشێوەیەکی بەرچاو تێکەڵ بوون، لەکاتێکدا "ژێرکۆمەڵەی مەغریب لە ناوەندی سەرەکی دوورکەوتەوە، پەیوەندی کەمتری بە کێشە عەرەبییەکانەوە مایەوە، و زیاتر وەک کۆمەڵەیەکی سەربەخۆی ئاسایشی هەرێمی دەرکەوت ( Buzan and Wæver, 2003: 213).

کاریگەری هێزە جیهانییەکان لەسەر بگۆڕکاری ئاسایشی ناوچەکە بەهێزە. بەردەوام هێزە دەرەکییەکان هەوڵیان داوە دۆخی ئاسایشی ناوچەکە بخەنە ژێر هەژموونی خۆیان، چ لە ڕێگەی فەرەنسا و بەریتانیا پێش جەنگی دووەمی جیهانی، یان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە ماوەی جەنگی سارد، یان ئەمریکا لە سەردەمی ئێستادا، هەمویان بە ئەنجامی جۆراوجۆر. سیستەمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر کەوتووەتە ژێر کاریگەری هێزە دەرەکییەکان، بەڵام هاوکات بەرگرییەکی بەهێزی لە بەرامبەر گوشارە دەرەکییەکان بۆ گۆڕانکاری نیشانداوە (Fawcett, 2013: 188).

سەرهەڵدانی داعش (کە لە کۆمەڵەی تەوحیدو جیهادەوە سەرچاوەدەگرێت و لقی ڕێکخراوی قاعیدەبوو لە عێراق) بووە هۆی بەهێزبوونی ئامادەیی سەربازی هێزە نێودەوڵەتییەکان بە بیانووی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لە ناوچەکە. ئەمریکا لەژێر ناوی خەبات دژی تیرۆریزم، ئامادەیی سەربازی خۆی لە ناوچەکەدا بەرفراوان کرد. لەلایەکی دیکەشەوە، ڕوسیا بە هاوکاری لەگەڵ ئێران، ئامادەیی سەربازی خۆی بەتایبەت لە سوریا زیاتر کرد (بهادرخانی، ١٤٠٠: ٢٠٣). هەڵوێستە دژییەکەکانی ئەمریکا و ڕوسیا لە قەیرانی سوریادا ڕۆڵێکی گرنگیان لە ئاڵۆزتربوونی بارودۆخی ناوچەکە گێڕاوە.

## 2.2 عێراق و گرنگی جیۆپۆلەتیکیی لە کۆمەڵەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

عێراق وەک دەوڵەتێکی ناوەندی لە کۆمەڵەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بەتایبەت دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و دەرکەوتنی داعش. عێراق لە ڕێگەی شوێنی ستراتیژی و جوگرافیای تایبەتی خۆیەوە، بووەتە چەقی ململانێی هێزە هەرێمییەکان و بەیەکدادانی بەرژەوەندییەکانیان.

بەهۆی شوێنە جوگرافییەکەیەوە، عێراق بووەتە پردێکی پەیوەندیکار لە نێوان ئێران و سوریا و حزبوڵڵای لوبنان. عێراق بۆ ئێران زۆر گرنگە چونکە دەروازەیەکە بۆ گەیشتن بە سوریا، هاوپەیمانی دیکەی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و لەوێشەوە دەتوانێت بگاتە حیزبوڵڵا. ئێران لە ڕێگای کاریگەریی خۆی لەسەر حکومەتی عێراق، دەیەوێت هاوسەنگیی هێز بپارێزێت کە لە دوای ڕووخانی سەدام بەدەستی هێناوە (Kirmanj & Sadq, 2018: 160). هەڵبەت، عێراق بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیاییەوە گرنگییەکی تایبەتی لە کۆمەڵەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە لە پرسی ئاسایش. هەروەها پێگەی جوگرافیایی عێراق و پەیوەندییە مێژوویی، ئایینی، ئابووری و کەلتوورییەکانی لەگەڵ ئێران، پێگەی ئەم دەوڵەتەی لە هاوکێشەی ئاسایشی ناوچەکە گرنگتر کردووە.

ئێران و سعودیە وەک هێزە سەرەکییەکانی ناوچەکە لە قەڵەم دەدرێن کە عێراق پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی لە نێوانیاندا هەیە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی کرمانج و سادق، ئێران عێراق وەک ئامرازێکی سیاسی بەکاردەهێنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی بەهێزبوونی وەک هێزێکی ناوچەیی و پاراستنی هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها توێژینەوەکە دەریدەخات کە شەڕی ناوخۆی سوریا تەنها دیاردەیەکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو بەشێکە لە ململانێیەکی فراوانتری ناوچەیی لە نێوان ئێران و سعودیە و چەندین هێزی ناوچەیی دیکەدا (Kirmanj & Sadq, 2018: 152,163).

عێراق بەهۆی شوێنە جوگرافییە ستراتیژییەکەیەوە وەک پردێک ڕۆڵ دەگێڕێت کە ناوچەی شام و ناوچەی کەنداوی عەرەب (فارس) بەیەکەوە گرێدەدات. ئەم تایبەتمەندییە ژیۆپۆلەتیکییە بەرجەستەیە، ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەری بە عێراق بەخشیوە لە هاوکێشەی هێز و هاوسەنگی ستراتیژی ناوچەکەدا. ئەم گرنگییە ستراتیژییە بووەتە هۆی ئەوەی کە هێزە هەرێمییەکان و نێودەوڵەتییەکان هەستیاری و گرنگییەکی تایبەت بدەن بە ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییە سیاسی و ئەمنییەکانی ناو عێراق کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر هاوکێشەی هێز لە سەرتاسەری ناوچەکەدا هەیە.

دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن لە ساڵی ٢٠٠٣دا، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراقدا هاتە ئاراوە. دیارترین گۆڕانکاری لەم قۆناغەدا، بەرجەستەبوونی ناسنامەی تایفی بوو وەک فاکتەرێکی سەرەکی لە گۆڕەپانی سیاسیدا. شایانی باسە کە دینامیکیەتی پەیوەندییە تایفییەکان لە عێراقی پێش ساڵی ٢٠٠٣ زیاتر لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و پێکهاتەی شیعەدا خۆی بینیووەتەوە، نەک لە شێوەی ململانێی نێوان پێکهاتەکانی سوننە و شیعە. پێش ساڵی ٢٠٠٣، کۆمەڵگەی سوننە ناسنامەیەکی تایفی چالاک و کاریگەریان نەبووە کە بتوانێت وەک هێزێکی بزوێنەر کاربکات یان خواستی دانپێدانان و دەربڕینی ناسنامەی خۆی هەبێت (Haddad, 2017: 110).

لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی و دابەشبوونی ناوخۆی عێراق دوای داگیرکردن، سەرەکیترین هۆکاری ناکاراییی دەوڵەت بووە. دەسەڵاتی سنووردار بەسەر خاکی وڵاتدا هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی گرووپە تیرۆریستییەکان وەک ئەلقاعیدە و داعش. ئەم بۆشاییە سیاسی و ئاسایشییە هۆکار بوو بۆ ئەوەی دروستبوونی ژینگەیەکی لەبار بۆ کێبڕکێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییە ناکۆکەکان (فرات و دیگران، ٢٠٢٠: ١٤٦-١٥٣).

یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی عێراقی هاوچەرخ، لاوازی یەکڕیزی نیشتیمانییە، بەتایبەت بەهۆی بوونی گروپە جیاوازە نەتەوەیی، مەزهەبی و سیاسییەکانەوە کە هەر یەکەیان هەڵگری ناسنامەیەکی ژێر-نەتەوەیی تایبەتن. لەو نێوەندەدا گروپەکانی حەشیدی شەعبی هەن، کە سەرکردەکانی ئەم هێزە چەکدارانە لە هەوڵی گەیشتن بە دەسەڵاتدا، جۆرە ئەجێندایەکی تایبەتیان هەیە کە یەکپارچەیی نیشتیمانی لاواز دەکات و دڵبەندی بۆ دەوڵەتی ناوەندی کەمدەکاتەوە. ئەم دۆخە لە ئەنجامدا بەردەوامبوونی ناکۆکی و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە کە ئاسایشی گشتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتە مەترسییەوە ( van Zoonen & O'Driscoll, 2017: 8).

لە عێراق، دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١، دۆخی ئاسایش بەشێوەیەکی بەردەوام ڕوو لە خراپی نا و ئاستی گرژییەکان لە نێوان گروپە ڕکابەرەکانی پێکهاتەکانی سوننە، شیعە و کورد بەرزبوونەوە. ئەم ناسەقامگیرییە سیاسی و ئەمنییە زەمینەی لەباری بۆ سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش ڕەخساند کە لە ئەنجامدا بووە هۆی هەڵگیرسانی ناکۆکی ناوخۆیی و بەهێزبوونی تیرۆر لە ساڵی ٢٠١٤دا (Jarząbek, 2016: 164).

### 3.2 دەرکەوتنی داعش وەک هەڕەشەیەکی سنوور–تێپەڕ

دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بنچینەیەکی فیکری و ئایدیۆلۆژی ڕوونی هەیە کە بە تێپەڕبوونی کات پەرەی سەندووە. ئەم ڕێکخراوە لەسەر بنەمای گەڕاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی و جێبەجێکردنی شەریعەت دامەزراوە. داعش لە سەرەتای دروستبوونیەوە، پێنج ئامانجی سەرەکی خستووەتە ڕوو: یەکەم، دەرکردنی هێزە داگیرکارەکان لە عێراق؛ دووەم، ڕووخاندنی حکومەتی عێراق؛ سێیەم، لەناوبردنی هاوکارەکانی ڕژێمی داگیرکار؛ چوارەم، بە ئامانجگرتنی  پێکهاتەی شیعە ؛ و پێنجەم، دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی کە شەریعەتی تێدا جێبەجێ دەکرێت (Hashim, 2014: 2,4).

دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، پەیڕەوی سەلەفیزمی جیهادی دەکات، بەڵام بە شێوازێکی توندتر و بێبەزەییانەتر لە ڕێکخراوی قاعیدە. ئەم ڕێکخراوە بە تایبەت لەسەر چەمکی تەوحید (یەکتاپەرستی) جەختێکی زۆر دەکاتەوە و بیروباوەڕ و بەهاکانی سێکۆلاریزم، ناسیۆنالیزم، خێڵەکیگەری، کۆمۆنیزم و بەعسیزم ڕەتدەکاتەوە و بەپێچەوانەی بنەماکانی ئاینی ئیسلامی لە قەڵەمیان دەدات (Hashim, 2014: 5). ڕووبەڕووبوونەوەی پەیڕەوکەرانی شیعە و شیعەگەرایی بنەمایەکی سەرەکی فیکری داعشی پێکدەهێنا، کە لە عێراق و سوریا کرانە ئامانج و خەڵکێکی بەرچاوی پەیڕەوکەرانیان کرانە ئامانج. بەو پێیە، ئێران کە وڵاتێکی شیعە مەزهەبە وەك ئامانجێکی داعش لەقەڵەم دەدرا و هەڕەشە بوو بۆ سەر ئاسایشی ئەو وڵاتە (پاشایی و دیگران، ١٣٩٩: ٩٨٥).

سەرهەڵدانی داعش پەیوەندی هەبوو بە چەندین فاکتەری سەرەکییەوە کە بەستێنی گونجاویان بۆ گەشەکردنی ئەم گروپە فەراهەم کردووە. لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ٢٠١٠ تا ٢٠١٣، چوار فاکتەری سەرەکی ڕۆڵیان هەبوو لە بووژاندنەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق: سەرەتا، بەهێزکردنی ئایدیۆلۆژیا و سیستەمی ڕێکخراوەیی؛ دووەم، لاوازی و ناکارایی دەوڵەتی عێراق و ناکۆکی بەردەوامی لەگەڵ پێکهاتەی سوننە؛ سێیەم، لاوازبوونی ڕێکخراوی قاعیدە لە ژێر سەرکردایەتی ئەیمەن زەواهیری؛ و چوارەم، دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆی سوریا کە بووە هەلێک بۆ داعش (Hashim, 2014: 7).

یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی هێزگرتنی داعش، بوونی دەوڵەتێکی لاواز لە عێراق بوو. دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام دوو بڕیاری چارەنووسساز لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانییەوە، سەرهەڵدانی داعشیان خێراتر کرد: بڕیاری یەکەم، دوورخستنەوەی بەعسییەکان بوو لە دەسەڵات،  بڕیاری دووەم هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق بوو. ئەم بڕیارانە لە ساڵەکانی ٢٠٠٦–٢٠٠٧ بوونە زەمینەی ناکۆکی مەزهەبی و پێکدادانی نێوان سوننە و شیعە لە عێراقدا (شفاعت، ١٣٩٥: ١٤٣).

لە عێراقدا، حکومەت بە سەرکردایەتی نووری مالیکی، کە لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، نەک تەنها نموونەیەکی بەرچاوی ناکارامەیی بوو، بەڵکو هەوڵی بەردەوامی دەدا بۆ تۆڵەسەندنەوە لە پێشێلکارییەکانی پێشوو دژی پێکهاتەی شیعە لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی جیاکاری سیستەماتیک و پەراوێزخستنی کەمینەی سوننە. ئەم ڕەفتارانە ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان گێڕا لە هەڵکشانی ئاستی گرژی و ناکۆکییەکان، زیادبوونی بەرچاوی کردەوە تیرۆریستییەکان، دروستبوونی پێکدادانی چەکداری، بەرفراوانبوونی هەژموونی داعش و لە کۆتاییدا هەڵگیرسانی شەڕی تیرۆر لە ساڵی ٢٠١٤دا (Jarząbek, 2016: 166).

داعش بە سەرهەڵدانی، توانی پێکهاتەی ئاسایشی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەستکاری بکات. یەکێتی ئەوروپا لە بەڵگەنامەیەکی فەرمیدا جەختی کردەوە کە: "داعش کردەوەی دڕندانەی دژی خەڵکی سوریا و عێراق ئەنجام داوە و هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ سەر هاوبەشەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها مەترسیدارە بۆ سەر سیستەمی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە گشتی و بۆ سەر ئەوروپا بە تایبەتی" (European Council, 2015: 1).

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی(2019) شمیت، داعش کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بگۆڕکاری ئاسایشی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داناوە. دوای هاتنە ناوەوەی داعش، قەیرانی سوریا ڕەهەندی نێودەوڵەتی وەرگرت، چونکە بە تێپەڕبوونی کات، ئەکتەرە دەرەکییەکان زیاتر تێوەگلان .(Schmidt, 2019: 1) "ئەم ڕێکخراوە هاوکێشەی "دۆستایەتی و دوژمنایەتی"ی لە ناوچەکەدا گۆڕی و بووە هۆی تێکەڵبوونی زیاتری ململانێکانی ئیسرائیل–عەرەب و سعودیە–ئێران (Schmidt, 2019: 3). هەروەها، داعش ڕۆڵی گێڕا لە " ئاسایشیکردنی " ناسنامەی ئایینی و "گۆڕینی سنووری دەوڵەتییەکان" کاتێک "نزیکەی سێیەکی خاکی سوریا و چارەکی خاکی عێراقی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە .(Schmidt, 2019: 12) "لە ئەنجامدا، "هاوپەیمانێتییە نوێیەکان" سەریان هەڵدا و قەیرانی سوریا بووە "سێیەم ململانێی سەرەکی هەرێمی" کە لەگەڵ دوو ناکۆکی گەورەی ناوچەیی واتە ئیسرائیل–عەرەب و کەنداوی عەرەبی–فارسی، "هەر سێ ململانێیەکەی پێکەوە گرێدا (Schmidt, 2019: 14).

ڕێکخراوی داعش وەک ئەکتەرێکی چەکداری خاوەن قەڵەمڕەوی جوگرافی، گۆڕانکارییەکی جەوهەری لە هاوکێشە ئەمنییەکانی ناوچەکەدا دروستکرد. ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتای دەرکەوتنیدا توانی دەسەڵات بەسەر بەشێکی بەرچاو لە جوگرافیای سیاسی عێراق و سوریادا بسەپێنێت، کە ئەمەش فرەڕەهەندی و ئاڵۆزی میکانیزمەکانی ئاسایشی هەرێمی بە شێوەیەکی بەرچاو قووڵتر کردەوە. مەترسییە ستراتیژییەکانی داعش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر دۆخی ئاسایشی دەوڵەتانی دەوروبەر دروستکرد، بەجۆرێک کە ئەم وڵاتانەی ناچار کرد میکانیزمی بەرەنگاربوونەوە و دژەکردەوەی هەمەلایەنە پەرەپێبدەن.

## 4.2 دارشتنەوەی کۆمەڵەی ئاسایشی دوای دەرکەوتنی داعش

لە دوای ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ و بەدەرکەوتنی گروپە تیرۆریستییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ناکۆکییە چەکدارییەکانی نێوان ناوچەکە بە هۆی سەرهەڵدانی تیرۆریزم، دەستێوەردانە سەربازییەکانی هێزە گەورەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی هەندێک لە وڵاتان لەلایەن تیرۆریستەکانەوە و هەڕەشەکردن لە ئاسایشی هەندێکی دیکە لە وڵاتان، شکڵی گرت. یەکێک لە گرنگترین گۆڕانکارییەکان، گواستنەوەی ململانێکان لە سیاسی–ئایدیۆلۆژییەوە بۆ ململانێی سەربازی و ئاسایشی بوو، ئەمەش دەکرێت وەك لێکەوتەی ڕووداوەکانی ١١ سێپتەمبەر لەقەڵەم بدرێت (بهادرخانی، ١٤٠٠: ١٨٠–١٨١).

لە بواری پەیوەندییە هەرێمییەکاندا، هەڕەشەی داعش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی عێراق هەبوو، بەجۆرێک کە پێگەی ستراتیژی عێراق بەرەو نزیکبوونەوەیەکی قووڵتری لەگەڵ ئێراندا بردەوە. لەم چوارچێوەیەدا، بەهێزبوونی میلیشیا شیعەکان وەک فاکتەرێکی کاریگەر لە ئاسایشی نیشتمانی عێراقدا دەرکەوت، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سیستەمی ئاسایشی عێراقی بە بەرژەوەندییەکانی ئێرانەوە گرێدا. لەگەڵ بەهێزبوونی پێگەی ئێران لە عێراقدا، پەرەسەندنی هەژموونی ئەم وڵاتە لە سوریا، لوبنان و یەمەن، نیگەرانییەکی بەرچاوی لای وڵاتانی هەرێمی دیکە وەک عەرەبستانی سعودی و تورکیا دروستکرد، کە ئەم پەرەسەندنە بە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان لێکدەدەنەوە (Gause III, 2017: 672).

داعش ئالۆزییەکی زۆرتری خستە سەر دۆخی شڵەژاوی پێشووی ئەم هەرێمە. فاکتەرێکی سەرنجڕاکێش لەم نێوەندەدا، دروستبوونی بەرژەوەندییەکی هاوبەش لەنێوان ئێران و یەکێتی ئەوروپا بوو سەبارەت بە کۆنترۆڵکردن و سنووردارکردنی چالاکییەکانی داعش. ئەم خاڵە هاوبەشە وایکرد کە بەردەوامبوونی پشتیوانی ستراتیژی ئێران بۆ حکوومەتی سوریا، لە روانگەی ئەوروپاوە، گرنگییەکی ئەوتۆی نەمێنێت. لەلایەکی دیکەوە، پێگەی تورکیا لە قەیرانی سوریادا بە تەواوی پێچەوانەی هەڵوێستی ئێران بوو. لە کاتێکدا ئێران پەیوەندییە دێرینەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی سوریادا پاراست، تورکیا بەتەواوی لە بەرەی پشتیوانیکردن لە بەشێك لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریادا جێگیر بوو (Seeberg, 2016: 4).

هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە رێکخراوی داعش کە لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزرا، نموونەیەکی بەرچاوی ئەو گۆڕانکارییانە بوو کە لە سیستەمی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیدا روویدا بەهۆی دەرکەوتنی هەڕەشەی تیرۆریزمەوە. ئەم هاوپەیمانییە کە بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکهێنرا، ستراتیژێکی فرەرەهەندی گرتەبەر بۆ کەمکردنەوەی توانا سەربازی و لۆجستیکییەکانی داعش، کە لەم چوارچێوەیەدا ئەرکەکان بەگوێرەی توانا و پێگەی جیۆستراتیژی وڵاتان دابەشکران. خاڵێکی گرنگ لەم هاوپەیمانێتییەدا، بەشداری چالاکانەی ژمارەیەکی بەرچاو لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بوو، کە رەهەندێکی زۆر گرنگی لە رووی کلتووری و ئایدیۆلۆژییەوە بە هاوپەیمانییەکە بەخشی. ئەم بەشدارییە بووە هۆی ئەوەی کە ناکۆکی و بەرەنگاربوونەوەی داعش شێوازی ململانێی کلتووری نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، یاخود جیهانی ئیسلامی و مەسیحی وەرنەگرێت، بەڵکو وەک هەوڵێکی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئایدیۆلۆژی توندڕەوی لێکبدرێتەوە (مجید، ٢٠١٦: ١٧٢).

ئەم گۆڕانکارییە ئاسایشییانە کاریگەری قووڵی لەسەر بگۆرکاری پەیوەندییەکان دانا، بە جۆرێک کە بووە هۆکاری دروستبوونی هاوپەیمانێتی نوێ لەسەر بنەمای هەڕەشە هاوبەشەکان. لە یەک کاتدا، تیرۆریزم هاوپەیمانە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کردووەتە ئامانج، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەم هەڕەشەیە بووەتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندی ئێران لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بۆ پاراستنی مانەوەی خۆیان (بهادرخانی، ١٤٠٠: ١٩٦). دینامیکیەتی ئەم پەیوەندییانە لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا بەردەوام لە گۆڕاندایە، بۆ نموونە رووداوەکانی دوای ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەر هاوکێشەی هاوسەنگی هێز و سیستەمی ئاسایشی هەرێمیدا هێنا. ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر پێگەی جیۆستراتیژی وڵاتان و هێزی کاریگەرییان لە ناوچەکەدا، کە بەهۆی لێکەوتە جیاجیاکانی ئەم رووداوانەوە پێکهاتەی هێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ژینگەی ئاسایشی دوای (2014) هەلێکی ستراتیژی بۆ ئێران رەخساند تا پەیوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی لەگەڵ عێراق، سوریا و حزبوڵلا بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێزتر بکات. ئەم پرۆسەی بەهێزکردنەی پەیوەندییەکان کاریگەرییەکی قووڵ و دیاریکەرەوەی لەسەر دۆخی سیستەمی ئاسایشی ناوچەیی دانا. لەم رێگەیەوە، ئێران توانی رۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت نەک تەنها وەک لایەنێکی دەستێوەردەر لە کاروباری ناوچەیی، بەڵکو بەشێوەیەکی مەیدانی هەژموونی خۆی بەسەر چوار پایتەختی عەرەبیدا بسەپێنێت: بەغدا، دیمەشق، بەیروت و سەنعا، کە ئەمەش مانای گۆڕانێکی بنەڕەتی لە هاوسەنگی هێزی هەرێمیدا هەبوو (Kirmanj & Sadq, 2018: 167).

یەکێک لە نموونە هەرە دیارەکانی ئەو هاوپەیمانێتییانەی کە لەسەر بنەمای هەڕەشەی داعش دروست بوون، پەیوەندی ستراتیژی نێوان ئێران و روسیا بوو کە بەتایبەت لە قەیرانی سوریادا رەنگیدایەوە. چالاکی و هێرشەکانی داعش لە سوریا بووە هۆکارێک بۆ

ئەوەی روسیا رۆڵی سیاسی-ئاسایشیی خۆی لە ناوچە قەیراناوییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرفراوانتر بکات. ئامادەبوونی کاریگەر و چالاکانەی روسیا بووە هۆی ئەوەی کە ئەم وڵاتە پێگەیەکی گرنگ و بەهێز وەک یاریکەرێکی جددی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا بەدەست بهێنێت، بەجۆرێک کە بتوانێت بەرامبەر بە سیاسەتە هەژموونخوازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆڵێکی کاریگەر بگێرێت (بهادرخانی، ١٤٠٠: ٢٠٣-٢٠٤). لە هەمان کاتدا، ئێران توانی تۆڕێکی هاوپەیمانی ستراتیژی بەهێز لە نێوان خۆی، عێراق، سوریا و حزبوڵڵای لوبنانی پێکبهێنێت کە ئەم تۆڕە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر شێوەپێدان بە پێکهاتەی ئاسایشی ناوچەکە هەبووە و دواتر بووە بنەمایەک بۆ کۆمەڵەی ئاسایشی ناوچەیی.

جگە لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا، وڵاتانی روسیا و ئێران رۆڵێکی دیاریکەرەوەیان گێڕا لە دووبارە داڕشتنەوەی پێکهاتەی ئاسایشی ناوچەیی لە قۆناغی دوای دەرکەوتنی داعش. لەم چوارچێوەیەدا، روسیا ستراتیژێکی بەرفراوانی گرتەبەر کە لە دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی چوارقۆڵی لەنێوان خۆی، ئێران، عێراق و سوریادا رەنگیدایەوە. ئەم هاوپەیمانێتییە ئاستی جیاوازی دەستتێوەردانی روسیای لە خۆگرتبوو؛ بەجۆرێک کە لە عێراقدا دەستتێوەردانی روسیا بەشێوەیەکی سنووردارتر و لە چوارچێوەی گۆڕینەوەی زانیاری هەواڵگری و سەربازی، هەروەها راهێنان و مەشقپێکردنی هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بوو. لە بەرامبەردا، رۆڵی روسیا لە سوریادا قووڵتر و راستەوخۆتر بوو، بەجۆرێک کە بە شێوەیەکی کرداری و مەیدانی شان بەشانی هێزەکانی سوپای سوریا دژ بە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە بەشداری جەنگی کرد (مجید، ٢٠١٦: ١٧٨-١٧٩).

دەرکەوتنی داعش کاریگەری قووڵی لەسەر پەیوەندی نێوان وڵاتانی ناوچەکە بەجێهێشت، بەتایبەت وەک فاکتەرێک بۆ زیادبوونی کەلێن و ناکۆکی لەنێوان هێزە سەرەکییەکانی ناوچەکە وەک ئێران، تورکیا و عەرەبستانی سعودی. ئەم کەلێنە گەیشتە ئاستێک کە لە کردەوەدا بووە سەرچاوەی جەنگێکی نائاشکرا و بریکاری نێوان سعودیە و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ ئێران. هاوکات، سەرهەڵدانی داعش و لاوازبوونی کۆنترۆڵی دەوڵەتە ناوەندییەکان، زەمینەیەکی لەباری بۆ بەهێزبوونی داواکارییەکانی جیاخوازی کورد رەخساند. هەروەها، ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی داعش بووە هۆی قووڵبوونەوەی کەلێن و دروستبوونی رقی مەزهەبی لەنێوان کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا (سەفەوی و خاکسار، ٢٠١٨: ٤٨).

لە کۆتاییدا، دەرکەوتنی داعش وەک هەڕەشەیەکی سنووربەزێن، گۆڕانکارییەکی قووڵی بەسەر کۆمەڵەی ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێنا، بەجۆرێک کە پێکهاتەکانی ئاسایشی دینامیکی ئاسایشی هەرێمی، پەیوەندی دۆستایەتی و دوژمنایەتی نێوان دەوڵەتان، و هاوپەیمانێتییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی لە چوارچێوەیەکی نوێدا دووبارە داڕشتەوە. لە ناوەندی ئەم گۆڕانکارییانەدا، عێراق وەک یەکێک لە سەرەکیترین گۆڕەپانەکانی ئەم ململانێیە بەرجەستە بوو.

**٣. ستراتیژیەکانی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش: شیکردنەوەیەکی پراکتیکی**

عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی داعش چەندین ستراتیژی لە بوارە جیاوازەکاندا گرتەبەر بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی ئەم هەڕەشە گەورەیە لەسەر سەروەری و یەکپارچەیی خاکی وڵات ببێتەوە. لێرەدا ئەو ستراتیژییانە دەخەینە ڕوو کە عێراق لە ڕووی سەربازی، سیاسی، ئابووری و زانیاری پەیڕەوی کردوون.

**١,٣ توانا ئاسایشی و سەربازییەکانی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش**

پاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە، پێکهاتەی سەربازی و ئاسایشی وڵات گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا هات. دامەزراوە ئاسایشییەکانی عێراق هەڵوەشێنرانەوە، لەم نێوەندەدا لە سەردەمی دیپلۆماتکاری ئەمریکی پۆڵ بریمەر، پێکهاتەیەکی نوێ بە ناوی "هێزەکانی ئاسایشی عێراق" دامەزرا(Dury-Agry and Others, 2017)، بەڵام پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی هێزە سەربازییەکان بە شێوەیەکی دروست بەڕێوەنەچوو، چونکە بەشداری بەرفراوانی هێزە میلیشیاکان لە دامەزراوە ئاسایشییەکاندا، قەیرانێکی ئاسایشی گەورەتری خوڵقاند (Salihi, 2017: 243).

سیاسەتی ڕیشەکێشکردنی بەعس، کاریگەرییەکی نەرێنی هەبوو لەسەر پێکهاتەی هێزەکانی ئاسایشی وڵات. بەم هۆیەوە، هێزەکانی ئاسایشی عێراق گۆڕان بۆ پێکهاتەیەک کە ناسنامەی نەتەوەیی، ئایینی و ناوچەیی تێیدا زاڵ بوو، لە بری ئەوەی ببنە دامەزراوەیەکی نیشتیمانی یەکگرتوو کە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق نوێنەرایەتی بکات(Sharp, 2007: 4).

توێژەر نایتس لە شیکردنەوەیەکیدا بۆ هۆکارەکانی سەرکەوتنی داعش لە عێراق، ئاماژە بە لاوازی درێژخایەنی سوپای عێراق و بەسیاسیکردنی پۆستە فەرماندەییەکان دەکات. بەپێی دیدی نایتس، لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەی نێوان کەمبوونەوەی پشتگیریی دارایی و ڕاوێژکاریی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە تا داگیرکردنی موسڵ لە حوزەیرانی ٢٠١٤ لەلایەن داعشەوە، سیستەمی ئاسایشیی عێراق بەرەو لاوازی چوو و بە جۆرێک دوای کەوتنی موسڵ بە تەواوەتی تێکشکا (Knights, 2015: 6).

**خشتەی هێزەکانی ئاسایشی عێراق لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٥):**

| جۆری هێز | تشرینی دووەمی ٢٠٠٩ | کانوونی دووەمی ٢٠١٥ |
|---|---|---|
| سوپای عێراق | ٢١٠,٠٠٠ | ٤٨,٠٠٠ |
| پۆلیسی فیدراڵی | ١٢٠,٠٠٠ | ٣٦,٠٠٠ |
| دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر | ١٠,٥٠٠ | ٦,٠٠٠ |
| یەکەکانی پاسەوانی تایبەت | ١٠,٠٠٠ | ١٠,٠٠٠ |
| بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سنوور | ٣٠,٠٠٠ | ٩,٠٠٠ |
| کۆی هێزەکانی ئاسایشی عێراق | ٣٨٠,٥٠٠ | ١٠٩,٠٠٠ |
| هێزەکانی حەشدی شەعبی | ٠ | ١٢٠,٠٠٠ |
| کۆی هێزەکانی ئاسایشی عێراق + حەشدی شەعبی | — | ٢٢٩,٠٠٠ |
| هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان | ٨٠,٠٠٠ | ١١٣,٠٠٠ |

Sources: (Knights, 2015: 8)

دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، عێراق بەشێکی زۆری هەوڵەکانی خۆی خستە سەر گەڕاندنەوەی ئەم شارە ستراتیژییە. لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦دا سەرۆک وەزیرانی عێراق، حەیدەر عەبادی، فەرمانی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی گەڕاندنەوەی موسڵی دەرکرد .(Gündoğdu, 2019: 75) ئەم ئۆپەراسیۆنە لە سەرەتادا بە گەڕاندنەوەی گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ دەستپێکرد، پاشان هێزی پۆلیسی فیدراڵی عێراق و یەکەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بەشدارییان کرد لە ئۆپەراسیۆنەکان، دواتر لە ١٠ی تەممووزدا حەیدەر عەبادی لە ڕاگەیاندنێکی فەرمیدا سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر ڕێکخراوی داعشدا ڕاگەیاند .(Thomas D. Arnold, and Nicolas Fiore, 2019: 63)

### ١,٣ هاوپەیمانێتییەکانی لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆیی

سەرکردەکانی شیعە لە عێراق، داعشیان وەک مەترسیدارترین هەڕەشە بۆ بەردەوامی سیستەمی دەسەڵاتی شیعە بینی. هەر بۆیە، ڕێبەرانی شیعە ڕێگای هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکان و بەشێک لە هۆزە سوننەکان لە ئاستی سیاسەتی ناوخۆیی دژی داعش گرتەبەر.

### ٣,2,١ کوردەکان

بەپێی خەمڵاندنەکانی ئەمریکا، هێزەکانی پێشمەرگە کە باڵی چەکداری حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقن، ژمارەیان لە نێوان ٧٠,٠٠٠ بۆ ٨٠,٠٠٠ دەخەمڵێنرێت. هەروەها باس لەوە دەکرێت کە ئەگەر سەرجەم دەزگا ئاسایشی و پۆلیسییەکانی هەرێمی کوردستان حیساب بکرێن، ژمارەکە دەگاتە نزیکەی ١٩٠,٠٠٠ کەس.(Cordesman and Others, 2013: 40)

لە سەرەتادا، کوردەکان هەڵوێستێکی ناچالاکیان نواند کاتێک داعش گەیشتە سنوورەکانی کوردستان، بەڵام پاشان گۆڕانکارییەکی بەرچاویان لە هەڵوێستیاندا کرد و بوونە بەشدارێکی کارا لە شەڕی دژی داعش.(Ali, 2014:4) لەم نێوەندەدا لە چوارچێوەی هاوکاری نێوان بەغدا و هەولێر دژی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، هێزی پێشمەرگە لە تشرینی دووەمی ٢٠١٥دا، بە پشتیوانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، شەنگالیان لە دەستی داعش دەرهێنایەوە.(Sönmez, 2017: 2)

### ١,٢,٣ شیعەکان

لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی داعش، کابینەی عەبادی هاوبەندی ستراتیژی لەگەڵ کۆمەڵە شیعەکان و هێزە کوردییەکان پتەو کرد. دوای هەڵسەنگاندنی لاوازی هێزە چەکدارییە فەرمییەکانی عێراق، باڵاترین سەرکردەی ئایینی شیعە لە عێراق، ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، داوای جیهادی لە دژی داعش لە شیعەکان و گشت عێراقییەکان کرد.(CNN Türk, 2014)

بەپێی ڕێنماییەکانی سیستانی، دامەزراوەی حەشدی شەعبی پێکهێنرا کە تێیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە یەکە چەکدارییەکان لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان کۆکرانەوە. ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی، کە ڕۆڵێکی پێشڕەوییان لە بەرەنگاری داعش گێڕا، سەرچاوە جیاوازەکان بە ٩٠,٠٠٠ کەس دەیخەمڵێنن (Duman, 2015: 10)، لە کاتێکدا سەرچاوەی دیکە باس لە ١٢٠,٠٠٠ کەس دەکەن کە ١٠٠,٠٠٠یان شیعە و ١٦,٠٠٠یان سوننەن (BBC, 2016). ڕاپۆرتەکان دەریدەخەن کە حەشدی

شەعبی، نزیکەی ٥٠ گروپی نیمچە-سەربازی لە ژێر چەتری خۆیدا لەخۆگرتبوو ( International Crisis Group, 2018: 27-28).

**٣,٢,٣ سوننەکان**

لە ململانێی بەرەنگاربوونەوەی داعش، کۆمەڵێک هێزی خێڵەکی سوننە پاڵپشتی سوپای عێراقیان کرد. ئەم هێزە خێڵەکییە سوننانە بەشدارییان کرد لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ سەر تکریت لە ٢ی مارسی ٢٠١٥، هەروەها بەشدارییان لە چالاکییە سەربازییەکان بەرەو ڕەمادی کرد، کە ناوەندی پارێزگای ئەنبارە.(Habertürk, 2015)

سەرەڕای بەشداری هێزە سوننییەکان لە شەڕدا، ئەرکێکی سەرەکیشیان هەبووە لە پاراستنی ئەو ناوچانەی لە داعش پاککراونەتەوە و هەروەها ڕێگرتن لە ناکۆکی مەزهەبی، بە جۆرێک کە بەبێ هێزە سوننییەکان بەدەستهێنانی سەرکەوتن دژی داعش شتێکی مەحاڵ دەبوو.(TRT Haber, 2015)

**٢,٣,٤ تورکمانەکان**

نەتەوەی تورکمان لە ڕێگەی دوو لیوای تورکمانی لە ژێر چەتری حەشدی شەعبیدا پشتیوانی ئۆپەراسیۆنەکانیان کردو و بە نزیکەی ٧,٠٠٠ چەکداری میلیشیاوە لە ناوچەکانی وەک تازەخورماتوو، موسڵ و تەلەعفەر ئامادەییان هەبووە Hamsici, 2017) لە ناحیە و گوندەکانی وەک تازەخورماتوو، داقوق، بەشیر و ئامێرلی کە دەکەونە ناوچەی کەرکوکەوە و تورکمانە شیعەکانیان تێدا نیشتەجێن، یەکەیەکی تورکمانی کە بە ناوی حەشدی شەعبی ناسراون و سەر بە هیچ گروپێکی میلیشیایی نین، خزمەتی سەربازییان ئەنجام داوە کە ژمارەیان بە نزیکەی ٣,٧٥٠ کەس مەزەندە کراوە(Duman, 2015: 11-15).

**٣,٣ هاوپەیمانێتی لەسەر ئاستی هەرێمی ( هاریکاری عێراق-ئێران لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش)**

داگیرکاری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە سیاسەتی ناوچەیی ئێران. بێگومان، بەدوای ئەم داگیرکردنەدا، ئێران بە خێرایی ئاستی چالاکییەکانی لە عێراق بەرز کردەوە، سوپای پاسدارانی شۆڕش و ئەفسەرانی هەواڵگری نارده ناو خاکی عێراق و ڕێگای خۆی کردەوە بۆ ناو دامەزراوە ئاسایشییەکان و دەزگاکانی حکومەتی ناوەندی.(Adıbelli, 2012: 192-193)

هۆکاری سەرەکی بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکییەکانی ئێران لە عێراق، هەوڵدان بوو بۆ پێشگیری لە دابەشبوونی وڵات یان نەهێشتنی هەر هەڕەشەیەکی سەربازی پێشوەخت کە ئەگەری هەیە ڕووی لە ئێران بێت. بێگومان، کاتێك لە گۆشەنیگای تاران سەیری بکەین، دوو دوژمن لە عێراق هەن: ئەمریکا و داعش. لە ژێر ئەم تێڕوانینەدا، هێشتا ئەمریکا وەك هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر ئێران دەبینرێت، و نیگەرانی هەیە کە داعش دەتوانێت بەغدا داگیر بکات و دەشێت دووبارەبوونەوەی ڕژێمی سەدام حسێن بێت کە دەتوانێت ڕژێمی شیعەی دۆست کە دوای ٢٠٠٣ لە عێراق هاتە سەر دەسەڵات، لەناو ببات ( International Crisis Group, 2018: 14).

ئێران، لە چوارچێوەی ستراتیژی پەرەپێدانی هەژموونی جیۆپۆلەتیکی هەرێمایەتی خۆیدا، لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٣ەوە و بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی داعش، بە میتۆدێکی سیستەماتیک بونیادنانی تۆڕێکی فراوانی میلیشیا شیعییەکانی لە عێراق دەستپێکرد. ئەم پرۆسەیە لە حوزەیرانی ٢٠١٤دا، کاتێک ئێران لە ڕێگەی هێزی قودسەوە ناوەندەکانی هەماهەنگی ستراتیژی لە

عێراقدا دامەزراند، بەرجەستەتر بوو. ئەم ناوەندە ستراتیژییانە سێ ئەركی سەرەكییان گرتە ئەستۆ: یەكەم: دابینكردنی چاودێری و هەواڵگری پێشكەوتوو، دووەم: ئامادەكردنی پشتگیری پلاندانانی ستراتیژی، سێیەم: پرچەككردنی فراوانی هێزەكانی حەشدی شەعبی(Knights, 2015: 13). لەم پرۆسەیەشدا، قاسم سلێمانی كە پەیوەندی نزیكی لەگەڵ هادی ئەلعامری سەركردەی كەتیبەكانی بەدر و ئەبو مەهدی موهەندیس وەك فەرماندەی حەشدی شەعبی ڕۆڵێكی سەرەكی گێڕا. بێگومان ناوهێنانی سلێمانی لە هەماهەنگی ئۆپەراسیۆنەكان دژی داعش، سەلماندی كە جەنەراڵی ئێرانی بە شێوەیەكی كارا لە مەیداندا چالاكیی هەیە (Abbas ve Şahin, 2017: 11).

كاتێك سیاسەتی تایفەگەری شیعە–تەوەری ئێران، هەناردەكردنی ئایدیۆلۆجیای ڕژێم و جیۆپۆلەتیكی شیعە هەڵدەسەنگێندرێت، دەردەكەوێت كە شیعەكانی عێراق هەمان بۆچوونیان لەگەڵ ئێران نییە. بەتایبەت بوونی مەرجەعێكی وەك سیستانی كە خۆی لە هیچ ڕووداوێكی دەرەوەی عێراق تێوەناگلێنێت، هەروەها موقتەدا سەدر هەندێك جار هەڵوێستی جیاواز لەبەرژەوەندی ئێران وەردەگرێت. لەلایەكی تر، بوونی جەمسەرە شیعییە سێكیولارەكان لە سیاسەتی عێراقدا، هەموویان وەك بەربەستێك كار دەكەن بۆ هەژموونی ئێران (Şahin, 2011: 190).

**٤,٣ هاوپەیمانێتی لەسەر ئاستی نێودەڵەتی**

**٣,4,١ ڕۆڵی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش بە سەركردایەتی ئەمریكا**

لە ماوەی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠١١، كە ساڵی كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا بوو، عێراق كەوتە ناو بازنەیەكی چڕی ناسەقامگیری سیاسی و كارەساتی شەڕی ناوخۆ. پاش ٢٠١١، بەتایبەت بەهۆی پێشڕەوییە ستراتیژییەكانی داعش لە عێراق، بارودۆخێكی نوێی هاوسەنگی هێز دروست بوو كە ئەمریكای ناچار كرد هێزە سەربازییەكانی بە شێوەیەكی بەشی دووبارە لە عێراق جێگیر بكاتەوە (Gündoğdu, 2019: 86–87).

سەرەتای ساڵی ٢٠١٤، دوای دەستبەسەرداگرتنی بەشێكی خاكی عێراق لەلایەن داعشەوە، ئەمریكا لە ستراتیژی كشانەوەی خۆی پاشگەز نەبووەوە و نەیویست ڕۆڵێكی پێشەنگ بگێڕێت لە بەرەنگاربوونەوە دژی ڕێكخراوەكە، بەڵكو سەرەتا تەنها ڕاوێژكارانی سەربازی نارده عێراق.(Pirinççi ve Diğeri: 2014: 12)

ستراتیژی ئەمریكا دژی داعش پاشان بەرەو جەختكردنەوە ڕۆیشت بەهۆی سێ فاكتەری یەكلاكەرەوە: یەكەم، كاردانەوەی ڕای گشتی ناوخۆیی و دیپلۆماسی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە كردەوە دڕندانەكانی ڕێكخراوەكە؛ دووەم، تێگەیشتن لەوەی كە ژێرخانی لاوازی عێراق و سنوورداری سەرچاوەكانی ناتوانن پشتگیری بەردەوامبوونی ئەم بەرەنگاربوونەوەیە بكەن؛ سێیەم، مەترسی تواناكانی چەكدارانی داعش بۆ ئەنجامدانی كردەوەی تیرۆریستی لە دەرەوەی سنووری ناوچەكە. لەم چوارچێوەیەدا، ئەمریكا لە ١٠ی ئەیلوولی ٢٠١٤دا "ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی دژە–تیرۆری چوار ئاستی" ڕاگەیاند بە مەبەستی "پاشەكشێ پێكردن و لەناوبردنی یەكجارەكی داعش"(Pirinççi ve Diğeri: 2014: 12).

ئەمریكا بەدوای كەوتنی موسڵ لە حوزەیرانی ٢٠١٤، پرۆگرامی پشتگیری دارایی ڕاهێنان و چەكداركردنی عێراق ( The Iraq Train and Equip Fund) لە كۆنگرێس پەسەند كرد. لەم چوارچێوە یاساییەدا دەستی كرد بە پێدانی ڕاهێنان و پشتگیری لۆجستی بە سێ هێزی سەرەكی: سوپای عێراق، هێزەكانی پێشمەرگە و هێزی ناوخۆیی بۆ پاسەوانی نیشتمانی عێراق. ئەمریكا بە ناردنی نزیكەی ٥,٠٠٠ سەربازی ڕاوێژكاری بۆ ناو خاكی عێراق، پرۆسەی ڕاهێنانی هێزەكانی بەرەنگاربوونەوەی داعشی بەهێزتر

کرد. هەروەها ئەمریکا، پشتگیری هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی کرد بۆ دۆزینەوەی زەمینەی ڕێککەوتن لەگەڵ خێڵە سوننییەکان لەو ناوچانەی کە داعش کۆنترۆڵی کردبوون وەك ئەنبار، دیالە و سەڵاحەدین، بیری کردەوە کە ڕێکخراوێکی هاوشێوەی ئەنجوومەنەکانی سەحوە کە لە ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠١٠ دژی ئەلقاعیدە دامەزرا، دەتوانێت دژی داعشیش کاریگەر بێت ( Jeffrey and Eisenstadt, 2016: 92-93).

دوابەدوای جێگرتنەوەی دەسەڵاتی مالیکی بە حکومەتی عەبادی، بەرچاوترین زیادبوون لە پشتگیری سەربازی ئەمریکا بۆ عێراق بەدی کرا. ئەمریکا سەرەتا ناوەندی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی (Joint Operations Center) لە بەغداد و هەولێر دامەزراند بۆ دابینکردنی هەماهەنگی پێشکەوتوو لە بەرەنگاربوونەوەی داعش (Knights, 2015: 17). بێگومان، هاوکاریکردنی هەردوو ئەکتەری ناکۆک (ئێران و ئەمریکا) لە بەرەنگاربوونەوەی داعش، بووە هۆی دروستبوونی تەنگژەیەکی ستراتیژی بۆ عێراق لە هاوسەنگی هێز لە نێوان ئەم دوو هاوپەیمانە. لەم نێوەندە ، حکومەتی عێراق ناچار بوو ستراتیژیەکی نەرم و هاوسەنگ ڕەچاو بکات لە نێوان هەردوو لایەندا، بە تایبەتی لە چۆنیەتی دابەشکردنی ڕۆڵی سەربازی و هەماهەنگی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان.

**٣,٥ ستراتیژیە نا-سەربازییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر**

سەرەڕای بەرەنگاربوونەوەی سەربازی دژی داعش، کۆمەڵێک چالاکی بەرەنگاربوونەوەی تایبەت بەڕێوەبران لە دژی کاری زانیاری و پروپاگەندەی ڕێکخراوەکە کە بەشێکی سەرەکی هێزی نەرمی ئەم گروپە تیرۆریستیە پێکدەهێنن.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگیری دارایی بۆ چەندین دامەزراوەی پەیوەندییە گشتییەکان دابین کردووە بۆ بەرگرتن لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک کەناڵی بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە لەلایەن داعشەوە (McCarthy, 2016).

یەکەی "ناوەندی پەیوەندییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستراتیژی تیرۆریزم (CSCC) "لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ڕێکارێکی خێرای گرتەبەر بۆ وەڵامدانەوەی تویتەکانی لایەنگرانی داعش بە زمانێکی ڕەخنەیی توند و گاڵتەئامێز بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی داعش لە تویتەر (Debusmann, 2015).

لەلایەکیتر، لە چوارچێوەی هەوڵەکان بۆ وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی گروپە تیرۆریستییەکان، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیاری ژمارە ٢١٧٠ی لە ساڵی ٢٠١٤دا، سەرجەم مامەڵە بازرگانییەکان لەگەڵ گروپە تیرۆریستییەکان، لەوانەش داعش، بە تەواوی ئیدانە کرد. بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٢٥٣ی ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥، سزاکانی دژی داعش کە پێشتر بۆ قاعیدەش جێبەجێ دەکران، بەرفراوانتر کران. بەم بڕیارە داوا لە وڵاتان کرا بۆ "تاوانبارکردنی مامەڵە داراییەکانی پەیوەندیدار بە تیرۆریزم" و ڕێبەرێك دارێژرا کە ئاماژەی بە بەندەکانی داهاتی ڕێکخراوەکە دەکرد بۆ لەناوبردنی میکانیزمەکانی دارایی ڕێکخراوەکە (Bindner and Poirot, 2016: 26).

ئەمریکا لە بەرەنگاربوونەوەی دارایی دژی داعش، سەرەتا لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق هاوکاری کرد بۆ ڕاگرتنی چالاکی نزیکەی ٩٠ دامەزراوەی بانکی لەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی داعشدا بوون. مەبەستی سەرەکی لەم هەنگاوە، بڕینی پەیوەندی ڕێکخراوەکە بوو لەگەڵ سیستەمی دارایی نێودەوڵەتی (Petroff, and Pagliery, 2015).

هێرشە ئاسمانییەکانی هێزەکانی هاوپەیمانی بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی دارایی دژی داعش، بوونە هۆی داکشانی داهاتی ڕێکخراوەکە لە فرۆشتنی سەرچاوە سروشتییەکان، بەتایبەت نەوت. سەرەتا، هێرشە ئاسمانییەکان کە پاڵاوگەکانی نەوتی ڕێکخراوەکەیان کردە ئامانج، وایان لە داعش کرد تاکتیکی خۆی بگۆڕێت بۆ پاڵاوتنی نەوت و ڕێکەوتن لەگەڵ

گروپە خۆجێییەکان (Warrick, 2016). بەم شێوەیە، لە ڕێگەی گرتنەبەری ستراتیژییەتێکی وردەوە، ژێرخانی دارایی ڕێکخراوەکە بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز کرا.

بەشێکی گرنگی بەرەنگاربوونەوەی ستراتیژی ناسەربازی دژی داعش، ئەو ستراتیژیە سایبەرییە بوو کە لە بواری ئەلیکترۆنیدا گیرایەبەر. ئاشکرایە کە بەشێک لە سەرکەوتنە سەربازییەکانی داعش، بەهۆی بەکارهێنانی کاریگەری بواری سایبەر بۆ چالاکییەکانی زانیاری و پروپاگەندە بووە.

ئەمریکا لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٦دا ڕایگەیاند تیمێکی تایبەتی سایبەری پێکدەهێنێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێتدا. ئەمریکا ئاشکرای کرد کە ئەم تیمە سایبەرییە، کە بە ناوی "هێزی تایبەتی بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی توندوتیژ" ناونراوە، هەروەها هاوکاری لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکە دەکات بە بەشدارپێکردنی وەزارەتی ناوخۆ و دادوەری عێراق (Deutsche Welle, 2016). لە کۆتاییەکانی مانگی نیسانی ٢٠١٦دا، فەرماندەیی سایبەری سەر بە سوپای ئەمریکا (CYBERCOM) ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی دەستپێکرد بۆ لەکارخستنی تۆڕی ئینتەرنێت و سیستەمی پەیوەندییەکانی ڕێکخراوەکە (Deutsche Welle, 2016).

لەلایەکیتر، حکومەتی عێراق هەوڵیدا ڕێگری لە دەستگەیشتن بە ئینتەرنێت بکات لەو ناوچە سوننیانەی کە داعش دەستیبەسەردا گرتبوو، بۆئەوەی ڕێگری لە پروپاگەندەی ڕێکخراوەکە بکات. هەروەها، حکومەت فەرمانی بە دابینکەرانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لە سەرتاسەری وڵات دا تا دەستگەیشتن بە سایتەکانی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی وەک فەیسبووک، یوتیوب و تویتەر ڕابگرن (Harris, 2014). هەروەها، لە سەرەتای ٢٠١٩دا، وەزارەتی گەیاندنی عێراق ڕایگەیاند کە هاوکاری سایبەری لەگەڵ ئێران و سوریادا دژی داعش کردووە، کە تێیدا ئێران پشتگیری تەکنیکی پێشکەش کردووە بۆ ڕێگرتن لە هەواڵی ساختە و بەهێزکردنی خەباتی سایبەری دژی تیرۆر (Pars Today, 2019).

**٣,٦ ستراتیژییەتی عێراق لە ڕووبەڕوونەوەی تیرۆر لە دوای کەوتنی داعش**

لە ساڵی ٢٠١٧، دوای سێ ساڵ لە شەڕی سەخت و قوربانیدانی زۆر، حکومەتی عێراق بە فەرمی ڕایگەیاند کە داعش وەك دەسەڵاتێکی خاوەن خاک لەناو براوە. ئەم سەرکەوتنە دوای تێکشکاندنی داعش لە مووسڵ هاتەدی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کۆتایی هاتنی کۆنترۆڵی داعش بەسەر خاکی عێراق، کۆتایی هەڕەشەی تیرۆر نەبوو، بەڵکو دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوو لە ڕووبەڕووبوتەوەی تیرۆر (UNAMI, 2018: 3-5). گرنگترین هەنگاوەکانیش لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکرێت.

**٣,1.6 ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی و ئاسایشی دوای داعش**

**٣,6,١,١ هێزی دژە تیرۆر (CTS)**

عێراق بایەخێکی زۆری بە بەهێز کردنی هێزی دژە تیرۆر داوە، کە بە یەکێک لە کاراترین هێزەکانی دژە تیرۆر لە ناوچەکەدا دادەنرێت. ئەم هێزە کە لە ٢٠٠٤ دامەزراوە، ڕۆڵی سەرەکی لە تێکشکاندنی داعش لە شەڕی مووسڵ گێڕا و دوای کۆتایی هاتنی داعش وەک هێزێکی خاوەن خاک، بەردەوام بوو لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە خانە نووستووەکان و شانەکانی داعش کە بە شێوەیەکی نهێنی کاریان دەکرد (ICSR, 2023: 42-45).

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی ناوەندی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆر، لە ساڵی ٢٠١٨ تا ٢٠٢٣، ئەم هێزە توانیویەتی زیاتر لە ١٢٠٠ ئۆپەراسیۆنی سەرکەوتوو ئەنجام بدات، کە تێیدا زیاتر لە ٢٥٠٠ ئەندامی داعش دەستگیر کراون و چەندین سەرکردەی

باڵای داعش کوژراون. سەرکەوتنی گەورەی ئەم هێزە لە ساڵی ٢٠٢٢، کوشتنی "ئەبو حەسەن ئەلهاشمی ئەلقورەیشی"، خەلیفەی داعش بوو، کە لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە پارێزگای ئەنبار ئەنجام درا ( ICSR, 2023: 42–45).

### ٣,٦,١,٢ پەیوەندی نێوان هێزە ئاسایشییە جیاوازەکان

یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی پێش کۆتایی هاتنی داعش، نەبوونی پەیوەندی کارا بوو لە نێوان هێزە ئاسایشییەکان. پێش ٢٠١٤، نەبوونی هەماهەنگی بوو بە هۆی ئەوەی گرووپی داعش بتوانێت بەئاسانی کۆنترۆڵی بەسەر بەشێکی زۆری عێراق بگرێت. دوای ٢٠١٧، عێراق سەنتەری هاوبەشی زانیاری دامەزراند کە تێیدا هەموو هێزەکان (سوپا، پۆلیس، حەشدی شەعبی، پێشمەرگە) زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکەن. ئەم سەنتەرە، کە سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراقە، ڕۆڵی سەرەکی لە هەماهەنگکردنی هەوڵەکانی دژە تیرۆر و ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان گێڕاوە. گرنگترین ئەم هەماهەنگیانە وەک (پرۆژەی چاودێری سنوورەکان، لیژنەی هاوبەشی ناوچە جێناکۆکەکان، سیستەمی داتای یەکگرتوو). ئەم هەماهەنگییە، کە پێشتر نەبوو، بووە هۆی باشترکردنی کارایی هێزەکان و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەرکەوتوو دژ بە خانەکانی داعش (Stansfield, 2021: 117–120).

### ٣,٦,١,٣ هەماهەنگی نێودەوڵەتی

عێراق بەردەوام بووە لە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، هەرچەندە ڕۆڵی هێزە بیانییەکان لە عێراق دوای ٢٠١٧ کەمتر بووەتەوە. بەجۆرێک لە ساڵی ٢٠٢٢، عێراق ڕایگەیاند کە پێویستی بە هێزی سەربازی بیانی نەماوە، بەڵام بەردەوامە لە هەماهەنگی لەگەڵ ناتۆ و وڵاتانی دیکە بۆ ڕاهێنان و پەرەپێدانی تواناکانی. بەپێی لێدوانی فەرمی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراق، ئێستا جەخت لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی هێزە ئاسایشییەکانی عێراق و گۆڕینی شێوازی هەماهەنگییەکان بۆ ڕاوێژکاری و ڕاهێنان دەکرێتەوە. هەروەها، بەپێی ڕاپۆرتی نیویۆرک تایمز، ئەم گۆڕانکارییە نیشانەی هەنگاونانی عێراقە بەرەو خۆبەڕێوەبردنی تەواوی دۆسیەی ئاسایشیی و گەڕانەوەی سەروەری تەواوی وڵات (Arango, 2022: A8).

### ٣,٦,١,٤ پرۆسەی ڕێگرتن لە توندڕەوی و گۆتاری ڕقلێبوونەوە

عێراق پرۆگرامی تایبەتی ڕاستکردنەوەی بیری بۆ ئەو کەسانە داناوە کە پێشتر بە داعش یان گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکەوە پەیوەست بوون. بەڵام، سەرەڕای هەوڵەکان، ئەم پرۆگرامانە ڕەخنەیان لێ گیراوە لەبەر نەبوونی میتۆدێکی زانستی و کەمیی تەرخانکردنی سەرچاوە. توێژینەوەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی نیشان دەدەن کە پرۆگرامەکانی ڕاستکردنەوەی بیر لە عێراق چەندین لاوازییان هەیە. یەکەم، زۆربەی ئەم پرۆگرامانە بەبێ بەشداریکردنی پسپۆڕانی دەروونناسی، کۆمەڵناسی و زانستە ئیسلامییەکان داڕێژراون. دووەم، نەبوونی هەڵسەنگاندنی بەردەوام و سیستەماتیک بۆ کاریگەری پرۆگرامەکان. سێیەم، تەرخانکردنی بودجەی ناتەواو کە بووەتە هۆی سنووردارکردنی فراوانبوونی پرۆگرامەکان. لە ڕاستیدا، بەپێی ڕاپۆرتی لێبوردنی نێودەوڵەتی، تەنها کەمتر لە ٢٠٪ ی ئەو کەسانەی کە پێویستییان بە ڕاستکردنەوەی بیر هەیە، دەتوانن لە پرۆگرامەکان سوودمەند بن.(Amensty, 2020: 22–27)

### ٣,٦,١,٥ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکان و گەڕانەوەی ئاوارەکان

عێراق بەرنامەیەکی ئاوەدانکردنەوەی گشتگیری بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکان لە دەستی داعش داناوە. بەپێی ڕاپۆرتەکان، تا ساڵی ٢٠٢٣، نزیکەی ٧٠٪ ی ژێرخانی ناوچەکانی پێکدادان چاککراونەتەوە. ئەمە بەشێکی گرنگی ستراتیژییەتی دژە تیرۆرە، چونکە کەشی ناجێگیری و نەبوونی خزمەتگوزاری، بەستێنی گەشەی گرووپە تیرۆریستییەکانە (Wordbank, 2023: 17–25).

بەڵام یەکێك لە بەردەوامترین کێشەکانی عێراق، گەڕانەوەی ئاوارەکان بووە. تا ساڵی ٢٠٢٣، نزیکەی ٢٥٪ ی ئاوارەکان نەگەڕاونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان، بەهۆی نەبوونی ئاسایش، نەبوونی خزمەتگوزاری و هەندێك جار کێشەی کۆمەڵایەتی. ئەمە بەستێنی نالەباری دروستکردووە کە دەکرێت گرووپە تیرۆریستییەکان بەکاری بهێنن ( International Organization for Migration, 2023: 8–13).

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی داعش، ئەزموونێکی گرنگی بەدەستهێنا کە تێیدا کۆمەڵێک ستراتیژی سەربازی و ناسەربازی تێکەڵ کرد. وەک دەرەنجام، دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە سەرکەوتنی عێراق لە تێکشکاندنی داعش بەرهەمی دوو فاکتەری سەرەکی بوو: یەکەم، هاوپەیمانێتی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی کە بەبێ ئەو هاوپەیمانێتییانە سەرکەوتن لە بەرامبەر داعش شتێکی مەحاڵ دەبوو؛ دووەم، تێکەڵکردنی ستراتیژی سەربازی کلاسیکی و ناکلاسیکی لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی ناسەربازی لە ڕێگەی ستراتیژی ئابووری، سایبەری و بەرەنگاربوونەوەی پڕوپاگەندە. سەرەڕای ئەم سەرکەوتنە، عێراق بەردەوام ڕووبەڕووی ئاڵنگارییە لە بواری ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، کە پێویستی بە پەرەپێدانی بەردەوامی ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی هەمەلایەنە و یەکگرتووە.

## دەرئەنجام

تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی چوارچێوەیەکی شیکاری کارا بۆ تێگەیشتن لە هاوکێشەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشکەش دەکات، بەتایبەتی دوای جەنگی سارد، بەجۆرێک کە بنەماکانی ئەم تیۆرە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی ئاسایشی ناوچەکە، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی داعش کە توانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پەیوەندی نێوان بەشێك لە وڵاتانی ناوچەکە دروست بکات. لەو نێوەندەدا عێراق، بەهۆی پێگەی جیۆپۆلەتیکییەوە ڕۆڵێکی گرنگی لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە، بە جۆرێک کە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و سەرهەڵدانی داعش بووە مەیدانی کێبڕکێی هێزە هەرێمییەکان، بەتایبەت کاتێك داعش وەک هەڕەشەیەکی سنوور–تێپەڕ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە هاوکێشەی هێز لە ناوچەکەدا دروستکرد و بووە هۆی دروستبوونی هاوپەیمانێتی نوێ لەسەر بنەمای هەڕەشە هاوبەشەکان .

لەسەر ئاستی ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئەزموونی عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی داعش نموونەیەکی بێوێنەی هاوسەنگکردنی هاوپەیمانێتییە چەند ئاست پیشان دەدات کە دەتوانرێت وەک مۆدێلی هاوسەنگکردنی هاوپەیمانێتییەکان ناوی لێبنرێت. ئەم مۆدێلە سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە ڕێگەی تێکەڵکردنی هاوپەیمانێتییە ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەک کە هیچ لایەنێک بە تەواوی هەژموونی نەبوو و هەرکامەیان ڕۆڵی تایبەتی خۆیان گێڕا. هەروەها عێراق ڕێکاری فرەڕەهەندی گرتەبەر کە بوارەکانی سەربازی و ناسەربازی لەخۆدەگرت، ئەمەش دوای شکستی داعش بەردەوامی هەبوو بە گرتنەبەری ستراتیژیەکی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامی تیرۆر. بەگشتی، توێژینەوەکە خستیەڕوو کە مۆدێلی هاوپەیمانێتی

فرەئاستی و ستراتیژی فرەڕەهەند کە عێراق گرتیەبەر، دەتوانرێت وەک شێوازێکی کاریگەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە سنوور– تێپەڕەکان لە کۆمەڵە ئاسایشی هەرێمییەکاندا بەکاربهێنرێت.

**لیستی سەرچاوەکان**


**سەرچاوە کوردییەکان**

**کتێب**

١. عەلی سالّح، ن (2021) *.ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* .هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

**تێزی ماستەر**

١. مجید، م.أ (2016) *.کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر گەشەسەندنی تیرۆریزم (ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی وەك نموونە)* .نامەی ماستەر. هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

**سەرچاوە تورکیەکان**

**کتێب**

1. Adıbelli, B. (2012) 'İran Dış Politikasında İdeolojik ve Jeopolitik Dönüşüm', in Adıbelli, B. (ed.) *Doğu-Batı Yol Ayrımında İran: İdeoloji, Devlet ve Dış Politika*. 1. Basım. İstanbul: Bilim + Gönül Yayınları.
2. Salihi, E. (2017) *Irak: Devletin Çöküşü ve Çatışma Süreci*. 1. Basım. İstanbul: Kaknüs Yayınları.
3. Şahin, M. (2011) 'Şii Jeopolitiği: İran İçin Fırsatlar ve Engeller', in Yılmaz, T. and Şahin, M. (eds.) *Ortadoğu Siyasetinde İran*. 1. Basım. Ankara: Barış Kitap.
4. Warrick, J. (2016) *Siyah Bayraklar: IŞİD'in Doğuşu ve Yükselişi*. çev. Işık Tansal. 2. Baskı. İstanbul: A7 Kitap.

**تێزی دکتۆرا**

1. Gündoğdu, A.Y. (2019) *Savaşin Değişen Karakteri Üzerine: Irak'in Işid'le Mücadele Stratejileri*. Doktora Tezi. Bursa: Uludağ Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü.

**توێژینەوەکان**

1. Abbas, Z. and Şahin, M. (2017) 'İran'ın Ortadoğu'daki Eli: Kasım Süleymani', *Ortadoğu Analiz*, 9(82), pp. 10-13.
2. Ali, O. (2014) 'IŞİD'le Savaşın Irak Kürdistan Bölgesel Yönetimindeki Yansımaları', *ORSAM Bölgesel Gelişmeler Değerlendirmesi*, No. 10, Eylül.
3. Duman, B. (2015) 'A New Controversial Actor In Post-ISIS Iraq: Al-Hashd Al-Shaabi (The Popular Mobilization Forces)', *ORSAM*, Report No. 198, May.
4. Duman, B. (2017a) 'İran'ın Irak Politikası ve Temel Dinamikler', *Ortadoğu Analiz*, 9(82), pp. 58-61.
5. Duman, B. (2017b) 'Musul Operasyonu ve Musul'un Geleceği: Fırsatlar ve Riskler', *ORSAM*, Rapor No. 206, Ocak.
6. Pirinççi, F., Orhan, O. and Duman, B. (2014) 'ABD'nin IŞİD Stratejisi ve Irak İle Suriye'ye Olası Yansımaları', *ORSAM*, Rapor No. 191, Eylül.
7. Sönmez, G. (2017) 'IKBY'nin Genişleme Stratejisi ve Kerkük'teki Bayrak Krizi', *ORSAM Bölgesel Gelişmeler Değerlendirmesi*, No. 63, Haziran.

**پێگە ئەلیکترۆنیەکان**

1. Hamsici, M. (2017) 'Haşdi Şabi'deki Türkmenler', *BBC*, 6 Ekim. Available at: https://www.bbc.com/turkce/haberler-dunya-41514522 (Accessed: 9 January 2024).
2. 'Irak Başbakanı Haydar el İbadi, 'Tikrit şehrinin kurtarıldığını' ilan etti' (2015) *Habertürk*, 1 Nisan. Available at: https://www.haberturk.com/dunya/haber/1060494-irak-basbakani-haydar-el-ibadi-tikrit-sehrinin-kurtarildigini-ilan-etti# (Accessed: 8 January 2023).
3. 'Irak, Suriye ve İran, IŞİD'e karşı siber savaş konusunda işbirliği yapıyor' (n.d.) *Pars Today*. Available at: http://parstoday.com/tr/news/middle_east-i125399-irak_suriye_ve_%C4%B0ran_i%C5%9E%C4%B0d%E2%80%99e_kar%C5%9F%C4%B1_siber_sava%C5%9F_konusunda_i%C5%9Fbirli%C4%9Fi_yap%C4%B1yor (Accessed: 14 March 2025).
4. 'IŞİD'e karşı siber tim' (2016) *Deutsche Welle*, 9 Ocak. Available at: https://www.dw.com/tr/i%C5%9Fide-kar%C5%9F%C4%B1-siber-tim/a-18968810 (Accessed: 14 March 2025).

**سەرچاوە فارسییەکان**

**توێژینەوەکان**

١. بهادرخانی، م.ر. (١٤٠٠) 'تروریسم در مجموعه امنیتی خاورمیانه و پیامدهای آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران'(2001-2019) ، *فصلنامه علمی مطالعات خاورمیانه*، ٢٨(١).

٢. پاشایی، ف.، احمدی، پ.، یوسفی جویباری، م. و ظهیری، س. (١٣٩٩) 'امنیتی شدن و تأثیر آن بر بحران‌های منطقه‌ای (مطالعه موردی عراق)'، *فصلنامه جامعه‌شناسی سیاسی ایران*، ٣(٣).

٣. دادندیش، پ. و کوزه‌گر کالجی، و. (١٣٨٩) 'بررسی انتقادی نظریه مجموعه امنیتی منطقه‌ای با استفاده از محیط امنیتی منطقة قفقاز جنوبی'، *فصلنامه راهبرد*، سال نوزدهم، شماره ٥٦.

٤. سازمند، ب. و جوکار، م. (١٣٩٥) 'مجموعه امنیتی منطقه‌ای، پویش‌ها و الگوهای روابط کشورهای حوزه خلیج‌فارس'، *فصلنامه ژئوپلیتیک*، سال دوازدهم، شماره دوم، صص. ١٣٩٥.

٥. سەفەوی، ح. و خاکسار، ع.م. (١٣٩٧) 'تحلیل تاثیر داعش بر معادلات سیاسي امنیتي خاورمیانه'، *فصلنامه تحقیقات جغرافیایي*، ٣٣(١).

٦. شفاعت، م.ر. (١٣٩٥) 'نگاهی مختصر به علل و عوامل ظهور و سقوط داعش'، *فصلنامه پژوهش‌های سیاسی و بین‌المللی*، ٨(٤١).

٧. طاهری، ا. و صادقی بکیانی، ا. (١٣٩٥) 'تأثیر ساخت مجموعه‌های امنیتی بر امنیت منطقه‌ای (مطالعه‌ی موردی مجموعه‌ی امنیتی خلیج فارس)'، *مجله‌ی سیاست دفاعی*، سال بیست و چهارم، شماره‌ی ٩٣، صص. ١٣٩٥.

٨. طاهری، ا. و سیفی، ع. (١٣٩٣) 'امنیت انرژی و نظریه مجموعه امنیتی منطقه‌ای'، *فصلنامه سیاست‌پژوهی*، سال اول، شماره ١، صص. ١٣٩٣.

٩. فرات، م.، زرگر، أ. و صدیق، م. (١٣٩٩) 'دموکراسیسازی و چالشهای دولت - ملتسازی در عراق بعد از سال ٢٠٠٣'، *آفاق امنیت*، ١٤(٥٢).

١٠. کرمی، ج. و عزیزی، ح. (١٣٩٢) 'روابط امنیتی چین با آسیای مرکزی: از پیوندهای امنیتی تا «مجموعه امنیتی منطقه‌ای'»، *مطالعات اوراسیای مرکزی*، سال ششم، شماره ١٢.

١١. معلومی، ف.س. و زرگر، ا. (١٣٩٨) 'تحلیل جنگ داخلی سوریه بر مبنای نظریه مجموعه امنیت منطقهای'، *فصلنامه پژوهشهای سیاسی و بینالمللی*، ١٠(٣٩).

١٢. نیاکویی، س.ا. و ستوده، ع.ا. (١٣٩٤) 'تأثیر مناقشات داخلی سوریه و عراق بر مجموعه امنیتی خاورمیانه (٢٠١١-٢٠١٥)'، *پژوهش‌های راهبردی سیاست*، ٤(١٥).


**سەرچاوە ئیگلیزیەکان**

**کتێب**

1. Arnold, T.D. and Fiore, N. (2019) 'Five Operational Lessons from the Battle for Mosul', *Military Review*, January-February.
2. Buzan, B. (1991) *People, States and Fear: An Agenda for International Security Studies in the Post-Cold War Era*. 2nd ed. Harvester Wheatsheaf.
3. Buzan, B. and Wæver, O. (2003) *Regions and Powers: The Structure of International Security*. Cambridge: Cambridge University Press.
4. Cordesman, A.H., Khazai, S. and Dewit, D. (2013) 'Shaping Iraq's Security Forces', *US-Iranian Competition Series*, Center for Strategic and International Studies (CSIS), 16 December.
5. Dury-Agri, J.R., Kassim, O. and Martin, P. (2017) *Iraqi Security Forces And Popular Mobilization Forces: Orders Of Battle*. Institute For The Study Of War, December.
6. Fawcett, L. (2013) 'Alliances and Regionalism in the Middle East', in Fawcett, L. (ed.) *International Relations of the Middle East*. 3rd ed. Oxford: Oxford University Press..
7. Frazier, D. and Stewart-Ingersoll, R. (2010) 'Regional powers and security: A framework for understanding order within regional security complexes', *European Journal of International Relations*, 16(4).
8. Haddad, F. (2017) 'Sectarian Relations Before "Sectarianization" in Pre-2003 Iraq', in Hashemi, N. and Postel, D. (eds.) *Sectarianization: Mapping the New Politics of the Middle East*. Oxford: Oxford University Press.
9. Jeffrey, J.F. and Eisenstadt, M. (2016) *U.S. Military Engagement In The Broader Middle East*. Policy Focus 143, The Washington Institute for Near East Policy, April.
10. Knights, M. (2015) *The Long Haul: Rebooting U.S. Security Cooperation in Iraq*. Policy Focus 137, The Washington Institute for Near East Policy.
11. Sharp, J.M. (2007) *The Iraqi Security Forces: The Challenge of Sectarian and Ethnic Influences*. CRS Report For Congress, 18 January.
12. Stansfield, G. (2021) *Iraq After ISIS: The Challenge of Post-War Recovery*. Oxford: Oxford University Press.

**توێژینەوەکان**

1. Bindner, L. and Poirot, G. (2016) *ISIS Financing 2015*. Center for the Analysis of Terrorism, May.
2. European Council (2015) *Council conclusions on the EU regional strategy for Syria and Iraq as well as the ISIL/Da'esh threat*, 16 March.
3. Fahlander, P. (2011) *Regional Security in the Persian Gulf*. Lunds universitet Statsvetenskapliga institutionen.
4. Gause III, F.G. (2017) 'Ideologies, Alignments, and Underbalancing in the New Middle East Cold War', *PS: Political Science & Politics*, 50(3).
5. Hashim, A.S. (2014) *From Al-Qaeda Affiliate to the Rise of the Islamic Caliphate: The Evolution of the Islamic State of Iraq and Syria (ISIS)*. Policy Report, S. Rajaratnam School of International Studies (RSIS).
6. International Crisis Group (2018) *Iraq's Paramilitary Groups: The Challenge of Rebuilding a Functioning State*. Middle East Report No. 188, 30 July.
7. Jarząbek, J. (2016) 'The Theory of Regional Security Complexes in the Middle Eastern Dimension', *Diacronie. Studi di Storia Contemporanea*, 28(4).

8. Kirmanj, S. and Sadq, A.K. (2018) 'Iran's Foreign Policy towards Iraq and Syria: Strategic Significance and Regional Power Balance', *The Journal of Social, Political and Economic Studies*, 43(1-2).
9. Schmidt, S. (2019) 'The Middle East regional security complex and the Syrian civil war', in *The War for Syria*. London: Routledge.
10. Seeberg, P. (2016) 'Analysing security subcomplexes in a changing Middle East—the role of non-Arab state actors and non-state actors', *Palgrave Communications*, 2.
11. van Zoonen, D. and O'Driscoll, D. (2017) *The Hashd al-Shaabi and Iraq: Subnationalism and the State*. Middle East Research Institute.

**پێگە ئەلیکترۆنیەکان**

1. Amnesty International (2020) *Beyond the Caliphate: Rehabilitating Former ISIS Members*, pp. 22-27. Available at: https://www.amnesty.org/en/documents/mde14/3512/2020/en (Accessed: 18 March 2025).
2. Arango, T. (2022) 'Iraq Says Foreign Combat Troops No Longer Needed Against ISIS', *New York Times*, 16 July, p. A8. Available at: https://www.nytimes.com/2022/07/16/world/middleeast/iraq-us-troops.html (Accessed: 18 March 2025).
3. Debusmann, B. (2015) 'United States lags in propaganda war against ISIS', *The Arab Weekly*, 19 June. Available at: https://thearabweekly.com/united-states-lags-propaganda-war-against-isis (Accessed: 17 March 2025).
4. Harris, S. (2014) 'Iraqi Government Takes Its Fight With ISIS Online', *Foreign Policy*, 17 June. Available at: https://foreignpolicy.com/2014/06/17/iraqi-government-takes-its-fight-with-isis-online/ (Accessed: 10 March 2025).
5. International Centre for the Study of Radicalisation (ICSR) (2023) *Annual Report 2023*, pp. 42-45. Available at: https://icsr.info/publications/reports/annual-reports (Accessed: 18 March 2025).
6. International Organization for Migration (IOM) (2023) *Displacement Tracking Matrix: Iraq*, pp. 8-13. Available at: https://dtm.iom.int/iraq (Accessed: 18 March 2025).
7. McCarthy, J. (2016) 'Pentagon admits funding online propaganda war against Isis', *The Drum*. Available at: https://www.thedrum.com/news/2016/10/03/pentagon-admits-funding-online-propaganda-war-against-isis (Accessed: 17 March 2025).
8. Petroff, A. and Pagliery, J. (2015) 'US details financial war against ISIS', *CNN Money*, 11 December. Available at: https://money.cnn.com/2015/12/10/news/us-isis-banks-finance-money/index.html (Accessed: 14 March 2025).
9. UNAMI (2018) *Monthly Report, January 2018*, pp. 3-5. Available at: https://iraq.un.org/en/resources/publications (Accessed: 18 March 2025).
10. World Bank (2023) *Iraq Reconstruction and Development Progress Report*, pp. 17-25. Available at: https://www.worldbank.org/en/country/iraq/publication/reconstruction-report-2023 (Accessed: 18 March 2025).